# درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربونی زمانی دوهەم

د.کاروان عومەر قادر/ زانکۆی سلێمانی/ ف.زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

**دەستپێك:**

مرۆڤ هەر کاتێك بیەوێت فێری زمانی دوهەم ببێت، ئەوا ڕاستەوخۆ درك بەو ڕاستییە دەکات، کە هەندێك لایەنی زمانی دوهەم سانا درکی پێدەکرێت و هەندێك لایەنی تری زمانەکەش ئالۆز پەیپێدەبرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کەوا ئەو ئالۆزییانەی خوێندکار لە فێربونی زمانی دوهەمدا ڕوبەڕوویان دەبێتەوە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئالۆزییانەی فێرخواز لە ناو خودی زمانی یەکەمیدا خاوەنیەتی و لە کاتی هەوڵدانیدا بۆ فێربونی زمانی دوهەم بەردەوام بە توانستە درکپێکردنەکانی خۆی لە زمانی یەکەمیدا دەچێتە پرۆسەی زمانفێربونی زمانی دوهەمەوە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات پەیبردن و گۆشەنیگاکانی لە زمانی یەکەمیدا یان بگوازێتەوە یان بسەپێنێت بە سەر زمانی دوهەمدا. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە لەم دوو ڕەهەندە پەیوەست بەیەکەوە دەکۆڵێتەوە و لە لایەك ورد دەبێتەوە لە چییەتی درکپێکردنی زمانی ستانداردی کوردی و چۆنیەتی زیاتر پاراوکردنی، لە لایەکی تریشەوە لێکۆڵینەوەکە لە پرۆسە و تیۆرییەکانی فێربونی زمانی دوهەم دەکۆڵێتەوە. ئەمەش بەو ئامانجەی، کە پاراوکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی بەستاندارد بوونی زمانەکە دەچەسپێنێت، لە هەمانکاتیشدا ڕادە و ڕێژەی فێربونی زمانی دوهەم پتەوتر و خێراتر دەکات. بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش لێکۆڵینەوەکە بە تیۆری و پرۆسەکانی (فێربونی درکپێکردن) لە ناو (زانستی زمانی درکپێکردن"Cognitive Linguistics")دا کاردەکات و لە سەر ئاستی کارەکیش لێکۆڵینەوەکە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (شیکردنەوەی هەڵە "Error Analysis") لە ناو (زمانەوانی کارەکی درکپێکردن"Cognitive Applied Linguistics")دا کاردەکات. بەمشێوەیە توێژینەوەکە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە ئەو هەڵە زمانییانەی فێرخوازی زمانی دوهەم لە بەرهەمهێنانی زمانی دوهەمدا دەیکات، نەك هەر کارێکی ناوازە نییە، بەڵکو دەشتوانرێت لە ڕێگەی شیکردنەوە و تێگەیشتن لەم هەڵانە پرۆسەی فێربونەکە باشتر بکرێت. بێگومان ئەم ویستەش بەدینایەت ئەگەر چییەتی درکپێکردنی زمانی کوردی وەك زمانێکی ستاندارد لە ڕێگەی پرۆسەی بە ستانداردکردنەوە پەیپێنەبرێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا زمانی یەکەم مەبەست لە زمانی کوردییە و هەرچی زمانی دوهەمیشە زیاتر مەبەست لە زمانی ئینگلیزییە، هەربۆیە لێکۆڵینەوەکە سەرجەم داتاکانی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی وەردەگرێت لەگەڵ وەرگرتنی داتا و نموونە لە ئاخاوتنی ئەو فێرخوازانەی زمانی کوردی زمانی یەکەمیانە و زمانی ئینگلیزیش تا ڕادەیەك زمانی دوهەمییانە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە داتاکانی لە ڕێگەی فۆرمی ڕومالییەوە لە خوێندکارانی قۆناغی دوهەمی بەشی زمانی ئینگلیزی سکوڵی زمان لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە و شیکردنەوەی هەڵە زمانییەکانی زمانی دوهەمی لە سەر هەڵزنراوە. جگە لە بەکارهێنانی فۆرمی ڕومالی وەك ڕێگەیەك بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، لە هەمانکاتدا لە سەر بنەمای پرسیارە وەڵامدراوەکانی ناو فۆرمە ڕووماڵییەکەش پۆلێنی داتاکان کراوە بە مەبەستی زیاتر دەست بە سەرداگرتنی زانیارییەکان.

بەمشێوەیە لێکۆڵینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی شیکراوە، لێکۆڵینەوەکە بە سەر دوو تەوەرەدا دابەشکراوە، کە بەم شێوەیەیە:

لە تەوەرەی یەکەمیدا پوخت چەمکی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی ستانداردکردن) و ڕەهەندی پەروەردەیینەی چەمکی

پرۆسەکە شیکراوەتەوە و نوێنراوە.

تەوەرەی دوهەمی لێکۆڵینەوەکەش لە لایەك تیۆری و پرۆسەکانی (فێرکردنی درکپێکردن) تیا خراوەتەڕوو، لە لایەکی تریش لایەنی کارەکی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (شیکردنەوەی هەڵە)ی بە نموونەی شیکراوەی گونجاوەوە تێدا نوێنراوە.

١) تەوەرەی یەکەم:

## درکپێکردنی زمانی ستاندارد

هەر کاتێك چەمکەکانی (زمانی ستاندارد "Standard Language") و (پرۆسەی ستانداردکردن "Standardization Process") ڕاڤە دەکرێن، ئەوا یەکسەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەم دوو چەمکەیان دێتە بیر و ئاوەزییانەوە و شێلگیرانە پشتگیری دەکەن، بەڵام ئەگەر زانستیانەتر لە بابەتەکە ڕابمێنین، ئەوا بۆماندەردەکەوێت، کە ڕاستە ڕەهەندی سەرەکی ئەم دوو چەمکە بۆ ئێمەی کورد ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییە، بەڵام ئەم ڕەهەندە تەنها ڕەهەندی ئەم دوو چەمکە نییە، بەڵکو چەندان ڕەهەندی تریشیان هەیە، کە کۆی ئەو ڕەهەندانەش جارێکی تر دەچنەوە خزمەتی بەدیهێنانی ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی. بەمشێوەیە جگە لە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەم دوو چەمکە، ڕەهەندێکی گرنگی تریان بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی. لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشبینی ئەوە دەکات، ئەگەر هەنوکەش بەدیهێنانی ڕاستەقینەی چەمکی (زمانی ستاندارد) بۆ زمانی کوردی مەحاڵ بێتە بەرچاو و ئامانجێکی دور مەودا بێت، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێگەی بەدیهێنانی ڕەهەندەکانی تری چەمکەکەوە (واتە زمانی ستاندارد)، زمان و نەتەوەکەشمان بکەینە هەندێك لە ئامانجە سەرەکییەکەی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی ستانداردکردن). بەم پێیە پێمانوایە، کە (زمانی ستاندارد) بە پێی بۆچونەکانی (زانستی زمانی درکپێکردن) پێویستی بەوە هەیە درکی پێبکرێت وەك ڕاستییەکی کارەکی لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا، تا بتوانرێت لە ڕێگەی بە چەمککردنی ئەزمونی تاکەکانەوە و وەرگرتنی درکپێکردنی ستانداردیی زمانی کوردی لە لایەن هەستەوەرەکانی مرۆڤی کوردەوە و سەر لە نوێ بە کۆدکردنەوەی لە ئاوەزیدا وەك پێویستییەکی دروست مامەڵەی چەمکی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی ستانداردکردن) هەم وەك درکپێکراوێکی ئاوەزیی و هەم وەك درکپێکراوێکی کارەکییانەی ناو ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری بکات. لەم تێگەیشتنەوە مەبەستی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە جەختی شیکردنەوەکان ئاڕاستەی ڕەهەندی (پەروەردەیی) هەردوو چەمکی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی ستانداردکردن) بکات، بەو پێیەی ئەگەر بێتو ئێمە لە پرۆسەی پەروەردەی کوردەواریدا بە چەمکی ستانداردیی زمان تانوپۆی پێڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندن دابڕێژین، ئەوا هەم درکپێکردنمان بۆ (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی ستانداردکردن) بە شێوەیەکی ئاوەزیی ساناتر و ڕاستەقینەتر دەبێت و هەم پەیڕەوکردنیشمان بە پێڕەو و پرۆگرامی پەروەردەکردنەکە پتەوتر و خێراتر و باشتر دەبێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت سود لە لایەنی پەروەردەیی وەربگیرێت بۆ قبوڵکردنی خودی چەمکی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی بەستانداردکردن) لە ئاوەزی تاکی کورددا و باشترین ڕێگەش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئاوەڕدانەوەیە لە سەر لەنوێ دارشتنەوەی ڕەهەندی پەروەردە و فێکردن بە هەناسە و ئاوەزمەندییەکی ستانداردانەوە. لەم ڕوانگەیەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا بواری (فێربونی زمانی دوهەم "Second Language Acquisition") وەك مەودایەکی پەروەردەیی وەردەگیرێت و ویستراوە شیکردنەوەیەکی سەر لە بەری نوێ بەم ڕەهەندە پەروەردەییە ببەخشێت و بە ڕوانگەیەکی ستانداردانەوە دابڕێژێتەوە.

هەروەك زانراویشە، کە (زمانی ستادارد) لە سادەترین ڕاڤەیدا بریتییە لە (( کۆمەڵێك لە ڕێسای ئەبستراکت کە دەشێت بە شێوەیەکی زیاتر یان کەمتر لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا لە ناو کۆمەڵگا و بارودۆخە جیاوازەکاندا بگونجێت))[١]. لەم تێگەیشتنەوە هەمیشە وا لە (پرۆسەی ستانداردکردنی زمان) دەڕوانرێت، کە: (( ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیایەك زیاتر لەوەی بریتی بێت لە بەدیهێنانی ئامانج))[٢].

کەواتە لە ڕێگەی (پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانەوە) دەکرێت ئەو ئایدیۆلۆژیایە دابڕێژرێت، کە لە خزمەتی بەدیهێنانی زمانی ستانداردی نەتەوەدایە، بە شێوەیەك سەرجەم ( ویست و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی و پەروەردەیی و کارگێڕیی و

کۆمەڵایەتی و ڕەفتاریی...هتد)ەکانی نەتەوەکە لە شێوەی ڕێسای ئەبستراکتدا لە ناو خودی ئەو زمانەدا دابڕێژێتەوە، بە شێوەیەك لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا لە ناو کۆمەڵگادا بگونجێت و بێتەوە. بێگومان تا ڕادە و ڕێژەی گونجاندنەکە لە نێوان ڕێسا ئەبستراکتەکان و بەکارهێنان ڕاستەقینەی زماندا زیاتر بێت، ئەوا پلەی ستانداربونی زمانەکە چەسپاوتر دەبێت و پێچەوانەکەشی دروستە[٣].

لە ڕوانگەی ڕاڤەکردنەکانی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە جیاوازییە زمانییەکان، کە بەرهەمی تاکگەرایی مرۆڤە جیاوازەکانی کۆمەڵگان، ئەگەر بێتو بە پێی پێڕەوبەندێکی زانستی ڕێکبخرێت، دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت و ئەم جیاوازییانە بکرێنە بنەمای ستانداردکردنی زمانی دایك، نەك ئەو بۆچونە هەڵەیەی، کە پێیوایە، جیاوازییە زمانییەکان وەك بونی (دیالێکت و ئەکسێنت و دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلێکت) لە هەر زمانێکدا وەیشومەی دروستنەبونی زمانی ستاندارد بێت لەو زمان و کۆمەڵگایەدا[٤]. بەڵام لەگەڵ ئەم بۆچونەشدا مامەڵەنەکردنی دروست لەگەڵ ئەم جیاوازییانەدا لە لایەك زبریی بۆ ستانداردبونی زمانی کوردی دروست دەکات و لە لایەکی تریشەوە مرۆڤی کوردی زمانپژاو بە جیاوازییە دیالێکتی و ئەکسێنتییەکانی زمانەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بەم جیاوازییانەوە هەوڵی فێربونی زمانی دوەهەم بدات، ئەمەش ئەگەرچی وەك پێڕەوێکی ئاوەزی سودمەندە، چونکە مرۆڤی (فرەدیالێکت "Polyglottism ") شیانی فێربونی زمانی دوەهەمی باشتر و خێراتر دەبێت[٥]، بەلأم ئەو زمانە دوەهەمەی فێری دەبێت دوچاری زبریی دەبێت، چونکە تایبەتمەندییەکانی هەردوو زارەکەی بۆ زمانی دوەهەمی دەگوازێتەوە، بۆیە زانستیترە فرەزاریی بەکاربێت وەك بنەمایەکی ستانداردکردن، بەڵام زانستی نییە بۆ فێربونی زمانی دوەهەم بەکاربێت. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشنیازی چارەسەری ئەم لایەنەی زمانی کوردی دەکات، بەوەی پێش کارکردن لە سەر دانانی پێڕەو و پرۆگرام بۆ فێربونی زمانی دوەهەم، ئەگەر ستانداردکردنی زمانی کوردیش لە ئێستادا ئاڵۆز بێت، ئەوا خۆ هەر هیچ نەبێت دەکرێت پێش پرۆسەی بەستانداردکردن (ئەگەر بڕیارماندا ئامانجێکی دور بینە!)، ئەوا لە کاتی ئێستادا (کە دانانی پێڕەو و پرۆگرام بۆ فێربونی زمانی دوەهەم گرنگ و پێویستە!) هەوڵبدرێت هەم ئەو جیاوازییانە دیاری بکرێن و هەم لە پرۆگرام دانانی فێربونی زمانی دوەهەمیشدا ئاگاداری ئەم لایەنە بین و نەهێڵین لە فێربوونی زمانی دوەهەمدا فێرخوازەکانمان دوچاری زبریی بێن. بێگومان دەست نیشانکردنی ئەم جیاوازییانەش چەندین توێژینەوەی وردی زانستی پێویستە، تاوەکو بتوانرێت لە خزمەتی پرۆسەی بەستانداردکردندا بنوێنرێت و بخرێتەڕوو.

٢) تەوەرەی دوەهەم:

## شیانی فێربونی زمانی دوەهەم

١/٢) چییەتی فێربونی زمانی دوەهەم:

لێدووان لە چییەتی فێربونی زمانی دوەهەم دووانە لە بابەتێك، کە بە درێژایی چەندین دەیە جێگەی گفتوگۆی زۆرێك لە فەلسەفە و زانستەکان بووە و چەندین تیۆری و بۆچونیان لە بارەوە خستۆتەڕوو[٦]، تا ئەو ئاستەی هەوڵدراوە ئەم بۆچونانە لە ئاستی تیۆرییەوە هەڵبگوازرێت بۆ ئاستی کارەکیی، کە تێیدا هەوڵبدرێت بۆ چاککردن و سەرکەوتنی پرۆسەی فێربون و کاریگەرتربونی پرۆسەی فێرکردن. ئەم بابەتە، کە یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی (زانستی زمانی کارەکی" Applied Linguistics")یە، کە لقە زانستێکی سەربەخۆی زانستی زمانی گشتییە و گرنگی دەدات بە: ((چارەسەرکردن یان بەلایەنی کەمەوە نزیك بونەوە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە کێشە ڕۆژانەکانی زمانەوە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکاندا))[٧]. هەربۆیە لێکۆڵینەوە لە فێربونی زمانی دوەهەم تەنها لێکۆڵینەوە نییە لە چۆنیەتی و چییەتی خودی فێربونی زمانە بێگانەکە، بەڵکو لە خۆیدا لێکۆڵینەوەشە لە کۆهۆکاری زیادبونی توانست و تواناکانی مرۆڤ لە سەر فێربون و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی و فێربون و فێرکردنی زمانی دوەهەم بە شێوەیەکی تایبەتی، زۆر بە شێوەیەکی کاریگەرتر. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە فێربونی زمانی دوەهەم ئاماژە دەدات بە فێربونی زمانێکی دیکە، لەو کاتەی لە بنەڕەتدا زمانێکی بنەڕەتی(زمانی یەکەم/زمانی دایك/ زمانی زگماك) بونی هەیە و شوێنی خۆی گرتووە. بێگومان لەم فێربونەدا هیچ جیاوازییەك ناکرێت لە نێوان فێربونی زمانی (دوەهەم یان سێهەم یان چوارەم...هتد)، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ زمانی یەکەمی کاریگەری نابێت لە سەر چییەتی فێربونی زمانی دوەهەمی یان تێپەڕبونی پێشتری فێرخوازەکە بە

قۆناغی فێربونی زمانی دوهەمدا هیچ كاریگەرییەكی لە سەر چییەتی فێربونی زمانی سێهەم یان چوارەم یان...هتد فێرخوازەكە نابێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە كاریگەرییەكی لە ڕادە بەدەری دەبێت و شوێنەواری ئەو كاریگەرییەش بەردەوام دەبێت تا ئەو كاتەی ئاوەزی فێرخوازەكە لە سەر دوو پێڕەوی یان سێ پێڕەوی یان چوار پێڕەوی یان ...هتد بۆ بەرهەمهێنان و دەربڕین و تێگەیشتنی زمانەكە ڕادێت و دەبێتە بەشێكی جیانەبۆوەی ئاوەزی، كە بەردەوام پرۆسەی فێربونەكەی ساناتر و خێراتر دەكات.
لەم بارەیەوە و بۆ زیاتر جیاكردنەوەی پرۆسەی فێركردنی زمانی دوهەم لە پرۆسە فێركارییەكانی تری ئاخاوتن لە ناو كۆمەڵگا جیاوازەكاندا، زۆرجار لە لێكۆڵینەوەكاندا جیاوازییەك دەكرێت لە نێوان زاراوەی (زمانی دوهەم"Second Language") و زاراوەی (زمانی بێگانە "Foreign Language")دا، چونكە پێیانوایە، كە زاراوەی یەكەم زیاتر مەبەست لە فێربونی زمانێكی ترە هەر لە ناو كۆمەڵگاكەی خۆیدا و ئەركێكی كۆمەڵایەتی پێ جێبەجێدەكات، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كۆمەڵگاكەی كۆمەڵگایەكی (جوت-زمانی"Bilingual")ە. هەرچی زاراوەی دوهەمیانە زیاتر مەبەست لێی فێربونی زمانێكی بێگانەی دەرەوەی كۆمەڵگاكەی خۆیەتی بۆ مەبەستی پەیوەندیكردن بە كەسانی بێگانەی دەرەوەی كۆمەڵگاكەی، بەڵام لە ئێستادا و لە ناو زانستی زمانی كارەكیدا هەردوو جۆرە زاراوەكە بە شازاراوەی (زمانی دوهەم) ئاماژەیان پێدەدرێت[٨]. كەواتە بەم تێگەیشتنە بێت، دەبێت (فێربونی زمانی دوهەم) بریتی بێت لە مەودای شارەزایی فێرخواز، بۆیە لێرەشدا جارێكی تر لێكۆڵەران چەند ڕەهەندێكیان بۆ ئەم مەودای شارەزاییە دیاری كردووە، كە ئەوانیش ڕەهەندی وەرگرتنی ئەو شارەزاییە تەنها بە شێوەیەكی كارەكی لە ناو كۆمەڵگادا، یان بە شێوەیەكی تیۆری لە ناو پۆلی خوێندندا. لە ڕاستیدا كۆی لێكۆڵەران لەم بوارەدا كۆكن لە سەر ئەوەی لێكۆڵینەوە ناكارەكییە تیۆرییەكانی ناو پۆلیش لە خۆیدا پێویستن بۆ سەلماندنی بنەماكانی بڕیاردانێكی كارەكییانە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەردوو جۆرە لێكۆڵینەوەكە سەرچاوەی كۆزانیاری گرنگن بۆ فێرخواز، تا بتوانن بە هۆیانەوە هەم بچنە ناو پرۆسەی فێربونەكە و هەم بە سەركەوتویش لێی بێنە دەرەوە. هەربۆیە لێكۆڵینەوە نوێیەكانی زمانی دوهەم، كە لە ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ساڵانی ١٩٩٠ و ساڵانی دواتریش ئەنجامدراوە، تەنها تیایاندا گرنگی نەدراوە بە فێربونی زمانی دوهەم لە ناو پۆلی خوێندندا، بەڵكو گرنگیشیانداوە بە فێربونی سروشتییانەی ناو كۆمەڵگا و ژیانی ئاسایی، كە لە دەرەوەی پۆلی فێربونی زمانی دوهەم ڕودەدات. لە ڕاستیدا ئەمجۆرەش لە فێربونی سروشتی زمانی دوهەم یان هاوكاتە لەگەڵ فێربونی ناو پۆلی فێرخواز یان وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی فێربونی زمانی دوهەم ڕودەدات بە بێ دەمكاتیی و هاوڕێیەتی فێربونی ناو پۆل، هەروەك لە حاڵەتی كۆچبەرە نەخوێندەوارەكاندا بەرچاو دەكەوێت[٩]. بەم پێیە بێت ڕێنماییەكانی فێربونی زمانی دوهەم لە ناو پۆلدا كاریگەرییان لە سەر فێربون هەیە لە حاڵەتی زۆربەی ئەو قسەپێكەرانەی زمانی دوهەم، كە توانای ئاخاوتنیان بە زمانی دوهەم تەنها لە ڕێگەی فێربونی ناو پۆلەوە دێت، كە دەشێت پرۆسەی فێربونەكەیان تەواو بكەن بە جێبەجێكردنی بەكارهێنانی زمانی دوهەم لە دەرەوەی پۆلی خوێندن بە شێوەیەكی ناچالاك. بەم شێوەیە ئەم دۆزینەوانە و دۆزینەوە هاوشێوەكانی تریش بەڵگەی سەرەكی بون بۆ هاتنە كایەی چەمكی (توانای فێربون"Learnability")ی زانا Pienemnn یان بۆ گریمانەی ( توانای فێركردن"Teachability")، كە تێیدا ئەوەیان شیكردۆتەوە، كە ڕاستە فێربونی ناو پۆل لە هەندێك لایەنی زمانییەوە دەتوانێت ڕێژەی فێربون باشتر بكات، بەڵام ناتوانێت وا لە خوێندكار بكات قۆناغێك لە قۆناغەكانی فێربونی دروستەیەك لە دروستەكانی بەرهەمهێنانی جۆرێك ڕستەی دیاریكراوی وەك دروستەی ڕستەی نەرێكردن یان دروستەی ڕستەی پرسیاری و ...هتد تێپەڕ بكات[١٠]. بەمشێوەیە ئەم لێكۆڵینەوانە بەردەوام چییەتی فێربونی زمانی دوهەمیان گۆڕیوە و گەشەیان پێداوە، بەڕادەیەك لە ئێستای زانستی زمانی كارەكیدا خودی زاراوەی (زمان) لە ناو پرۆسەی (فێربونی زمانی دوهەم)دا لێكدانەوەیەكی زۆر جیاوازتری بۆ دەكرێت وەك لەوەی پێشتر بۆ چەمكی (زمان) هەبووە، چونكە لە ئێستای زانستەكەدا ئەم چەمكە تەنها بریتی نییە لە توانست و توانای فێربونی ڕێزمان و كەرەستە زمانییەكانی زمانی دوهەم، بەڵكو چەمكی زمان هەنوكە لە زانستەكەدا فێربونی كۆزانیارییەكی زۆر بەرفراوانتر دەگرێتەوە، كە دەبێت فێرخوازی زمانی دوهەم هەوڵی فێربونیان بدات، تا بڕیار لە سەر ئەوە بدرێت، كە ئایا فێری زمانی دوهەم بووە یان نا؟. بۆیە فێرخوازی زمانی دوهەم لە ئێستادا جگە لەوەی دەبێت شارەزایی توانستی زمانی زمانە دوهەمەكە بێت، پێویستە فێری (توانستی پەیوەندیكردن" Communication Competence")یش ببێت، كە هەموو كۆزانیارییەكانی وەك
(كۆزانیاری زمانەوانی، كۆزانیاری دەقییانە، كۆزانیاری پراگماتیكی، كۆزانیاری كۆزمانەوانییانە، كۆزانیاری كۆكلتورییانە)

دەگرێتەوە. بۆیە تەنها لەم کاتەدا دەکرێت بەو فێرخوازە بگوترێت خاوەنی زمانی دوهەمە[١١].

٢/٢) تیۆرییەکانی فێربونی زمانی دوهەم:

تیۆرییەکانی فێربونی زمانی دوهەم زیاتر شیکردنەوە دەکەن بۆ لایەنە تایبەتەکانی پرۆسەی فێربونی وەك چەشن و جۆرەکانی ئەو هەڵانەی فێرخوازان دەیکەن یان زنجیرەی سروشتییانەی ئەو گەشەکردنانەی تێبینی کراون لە ڕێگەی چەند چەمك و پرۆسەیەکی دیاریکراوی وەك (گواستنەوە"Transfer"، داڕشتن و ئەبستراکتکردن"Generalization"، ئاسانکردن"Simplification"، لاسایکردنەوە"Imitation")[١٢].

لە ڕاستیدا تیۆرییەکانی فێربونی زمانی دوهەم گەلێکن و هەریەکەیان هەڵقوڵاوی چەمك و کرۆکە واتایەکی دیاریکراوی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ فراوانیشیاندا هێشتا لە ناو زانستی زمانی کارەکیدا جۆرە دابەشکردنێك بۆ چەشن و جۆرەکانی ئەو تیۆرییانە کراوە، هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هێنانەوەی ئەو دابەشکردنەوە و وردەکاری تیۆرییەکاندا پەیڕەوی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەکانی William Littlewood دەکات، کە سەرجەمی جۆرەکانی تیۆرییەکانی فێربونی زمانی دوهەمی لە دوو چەشنی سەرەکیدا دابەشکردوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

چەشنی یەکەم: ئەو تیۆرییانەی (پرۆسەکانی درکپێکردن) وەك خاڵی سەرەتا و دەرچون وەردەگرن، کە بنەمای فێربونی زمانی دوهەمن.

چەشنی دوهەم: زیاتر ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە، کە لە خاڵی (فێربون لە دەوروبەرە)وە دەستپێدەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەیەشدا (زانستی زمانی کارەکی درکپێکردن) پێیوایە، کە هیچ جۆرە تیۆرییەکی چەشنی یەکەم ناتوانێت تیۆرییەکانی چەشنی دوهەم پشتگوێ بخات و پێچەوانەکەشی هەر دروستە، چونکە هەم پرۆسە ئاوەزییە درکپێکردنەکان ناتوانێت کاربکات و مرۆڤ فێری زمانی دوهەمی بکات و هەم تێکردە زمانییە وەرگیراوەگانیش بە تەنها ناتوانێت بە پێی درکپێکردنی بە ئاگاییانە ببنە هۆی بەدیهێنانی زمانی دوهەم[١٣].

– تیۆرییەکانی چەشنی یەکەم: هەروەك لە سەرەوە خرایەڕوو زیاتر ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە، کە بە ئاڕاستەی درکپێکردنن و لەو گریمانانەوە دەست پێدەکەن، کە گەشە دەدەن بە چەمکی درکپێکردن و پێیانوایە، کە میکانیزمە خۆڕسکییەکان بنەمای ڕودانی فێربونی زمانی دوهەمن، کە بە تایبەتی لە ئاوەزی مرۆڤدا تایبەتن بەم مەبەستە. گرنگترین جۆرەکانیشی بریتین لە:

**یەکەم: گریمانەی پێکهێنانی داهێنەرانە"The Creative Construction":**

بنەمای ئەم گریمانە دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانە زمانەوانی و بیرییەکانی (چۆمسکی) لە سەر پرۆسەی زمانپژاندن بە تایبەتی هێنانەکایەی چەمکی (ئامرازی زمانپژاندن" -Language Acquisition Devises –L.A.D.")، چونکە چۆمسکی لەم بۆچونەیەدا پێی وابوو، ئەم ئامرازە/ئامێرەی ئاوەزی مرۆڤ پرۆسەی زمانپژاندنی بۆ سانا دەکات، چونکە بنەمای پێکهێنانی داهێنەرانە لە ئاوەزی مرۆڤدا ئەم چەمکەیە. لە ڕاستیدا ئەم بۆچونانە وەك کاردانەوەیەك وابوو بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچونە ڕەفتارییەکان، کە زیاتر فێربونی زمانی دوهەمیان لە پرۆسەی (فۆرمداڕشتنی خووەکان) لێکدەدایەوە. هەربۆیە زۆرێك لە لێکۆڵەرانی وەك (Dulay and Burt 1973) ئەوەیان خستۆتەڕوو، کەوا هەروەك چۆن مرۆڤ لە زمانپژاندن بە زمانی یەکەم لێهاتوون (موهوبن) بە هۆی بونی میکانیزمە خۆڕسکییەکان بۆ پرۆسەکردنی زمان و خولڤاندنی ڕێزمانی ناوەکییانەی خۆیان، ئاوەهاش فێرخوازانی زمانی دوهەم لێهاتون بەم میکانیزمانە[١٤]. لەم تیۆرییەدا ئەو ڕێزمانە ناوەکییانەی، کە فێرخوازان بونیادی دەنێن زیاتر بە زاراوەی (نێوەندە زمان"Interlanguage") یان بە زاراوەی (توانستی کاتیی/توانستی گوێزەرەوە "Transitional Competence") ناوزەد دەکرێت، کە زیاتر مەبەست لێی ئەو توانستەیە، کە لە حاڵەتی گۆڕاندایە و بە ئاڕاستەی فێربونی زمانی دوهەم لای فێرخوازەکە گەشە دەکات. بەمشێوەیە بانگەشەی سەرەکی تیۆرییەکە بریتییە لەوەی، کە زۆرێك لە میکانیزمە خۆڕسکییەکان تایبەتمەندن بە فێربونی زمان زیاتر لەوەی تایبەتمەندن بە درکپێکردنی گشتی مرۆڤ.

**دوهەم: گریمانەی تێکردە"Input Theory":**

تیۆرییەکە داهێنراوی (Krashen 1982) و زۆرجار بە زاراوەی (Monitor Model)یش ناوزەد دەکرێت.

بنەمای ئەم مۆدێلە بریتی بووە لە جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو چەمکی (زمانپژاندن) و (زمانفێربون). بەمشێوەیە تیۆرییەکە پێیوایە، کە (زمانپژاندن) بریتییە لە وەچە درکپێکردنێك و ئاڕاستەکراوە بە هۆی میکانیزمە خۆڕسکییەکانی فێرخوازەوە بە درێژایی گەشەکردنە سروشتییەکان. هەرچی (زمانفێربون)یشە زیاتر بریتییە لە درکپێکردن و هەمیشە ڕوودەدات لە ڕێگەی خوێندنی ناو پۆل و ڕاستکردنەوەی هەڵەوە. تیۆرییەکە لەم جیاکردنەوەیدا (زمانپژاندن) بە گرنگتر دەزانێت و فۆرمی بنەڕەتی پەیوەندیکردنی خۆڕسکییانەی لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئەو زمانەی فێری دەبین تەنها ڕۆڵێکی زیادەی وەك (نواندن"Montor") بۆ ئاخاوتن و نوسین دەگێڕێت و هەرگیز ناتوانێت بە سەر پێڕەوی زمانپژاندندا تێپەڕ ببێت[١٥].

**سێیەم: تیۆری ڕێزمانی گشتی/ڕێزمانی جیهانیی "The Universal Grammar-UG-":**

چۆمسکی لەم تیۆرییەدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کەوا پۆلێك ڕێسا هەیە، کە هەموو زمانەکان بەڕێوە دەبات و حوکم دەکات و هەنوکە بە شێوەیەکی کارەبابیانە لە ناو ئاوەزی مرۆڤدایە پەیوەست بەو شوێنەی لێی لەدایك دەبێت. ئەگەرچی ئەم ڕێسایانە گشتین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ڕێگە دەدەن بە هەمەجۆریی لە پارامیتەرەکاندا پەیوەست بە تێکردە زمانییەکانەوە، کە لەژینگە و دەوروبەرەوە وەریدەگرن. بۆیە ئەگەر ڕێساکانیش گشتی بن، هێشتا پارامیتەرەکان جیاواز و هەمەجۆرن. هەربۆیە بە پێی ئەم تیۆرییە کاری فێرخوازی زمانی دوهەم بریتی دەبێت لەوەی بزانێت چۆن ئەم پارامیتەرانە بۆ زمانەکەی، کە دەیەوێت وەك زمانی دوهەم فێری ببێت، دانراون[١٦]. بەڵام پرسیاری گرنگ لە سەر ئەم تیۆرییە لە سەر ڕاست و دروستی بۆچونەکە نییە بۆ زمانپژاندن بە زمانی یەکەم، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئایا ئەم ڕێسا و پارامیتەرانە بۆ جاری دوهەم ڕودەدەن یان نا؟ بۆیە ئەم پرسیارە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم بۆچونە بۆ فێربونی زمانی دوهەم لە ژێر تاقیکردنەوەدا بهێڵێتەوە.

**چوارەم: مۆدێلی فێربونی لێهاتوییە درکپێکردنەکان:**

لێکۆڵینەوەکانی (Johnson 1996) پێشنیازی ئەوەیان کردووە، کە: (( ڕێسا گشتییەکانی سایکۆلۆژیای درکپێکردن بەسە بۆ شیکردنەوەی فێربونی زمانی دوهەم))[١٧]. لەم تیۆرییەدا پەیوەندیکردن لە ڕێگەی زمانەوە زیاتر وەك شارەزاییەکی ئاڵۆز لێکدراوەتەوە، کە هەروەك لێهاتوییەکانی تری مرۆڤ پشت دەبەستێت بە ڕیزبەندی هەرەمییانەی پلاندانانی درکپێکردن، واتە تیۆرییەکە پێیوایە، کە پەیوەندیکردن بریتییە لە دانانی پلانێکی درکپێکردنانە بۆ ئاخاوتن. بۆ نموونە ئەگەر کەسێك ویستی داوای خواستنی کراسی هاوڕێکەی بکات، ئەوا پێویستی بە دانانی پلانێکی درکپێکردنانە هەیە، بەوەی ستراتیژیەك هەڵببژرێت بۆ دەست پێکردن بە ئاخاوتنەکەی و بیربکاتەوە ئایا چ زەمینەیەك بۆ ئاڕاستەکردنی پرسیارەکە شیاوە؟ ئایا هاوڕێکەی پێویستی بە کراسەکە هەیە؟...هتد پاش هەڵبژاردنی ئەم ستراتیژییە ئەوسا دەبێت فێرخواز پلانی دوهەم دابڕێژێت و بیربکاتەوە لە هەڵبژاردنی ڕێگا شیاوەکانی شێوە داڕشتنی ڕستەی پرسیارەکە (وەك گرنگیدان بە هۆکارەکانی سروشتی کۆپەیوەندی خۆی و گوێگر و ئەرك و پێداویستی گوێگر...هتد). بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم پلانەش قسەکەر پێویستی بە پلانێکی ڕێزمانییانە هەیە، کە تێیدا دەبێت قسەکەر بیربکاتەوە لە پارامیتەرەکانی داڕشتە ڕێزمانییەکان و چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئەو داڕشتەیە، تا دەگاتە دانانی پلانی چۆنیەتی دەربڕینی بیرۆکەکە. ئەمجۆرە پلاندانانە درکپێکراوە وەك پلاندانێکی (ئاست بەرز) لە تیۆرییەکەدا ئاماژەی پێدەدرێت، کە بە دوایدا ڕاستەوخۆ پلاندانانی (ئاست نزم) دەست پێدەکات، کە بریتییە لە پلاندانانێکی ماتۆڕییانە و خۆی لە شارەزایی توانای زمانی و چۆنیەتی دەربڕیندا دەبینێتەوە. بەمشێوەیە لەم تیۆرییەدا ئاماژە بەوە دەدرێت، کە فێرخواز لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربونەکەیدا تەنها پلانی ئاست نزمە پەیڕەو دەکات (واتە درکپێکردنی هەڵبژاردنی دروستەی ڕێزمانی و هەڵبژاردنی وشە و چۆنیەتی دەربڕینیان) و بەمەش ئاساییە، کە توانایەکی زمانی ناپاراو بەرهەمبێت و هەڵەی لەخۆ بگرێت.

لە کۆتایی شیکردنەوەی تیۆرییە درکپێکردنەکاندا بۆماندەردەکەوێت، کە تیۆرییەکانی یەکەم و دوهەم و سێهەم زمانفێربون دەبینن وەك بەردەوامبونی زنجیرە سروشتییەکان بە کاریگەری میکانیزمە خۆڕسکییەکان. هەرچی تیۆری چوارەمە زیاتر وا لە پرۆسەکە دەڕوانن، کە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت لە ڕێگەی پلاندانانە درکپێکردنەکانی ئاخاوتنەوە.

– تیۆرییەکانی چەشنی دوهەم:

مەبەست لێی ئەو تیۆرییانەیە، کە گرنگی پێدان لە میکانیزمە خۆرسکییەکانەوە بۆ خودی دەوروبەر دەگۆڕن، هەروەها زیاتر گرنگی بەو ڕێگایانە دەدەن، کە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەم ئاسان دەکەن. ڕەوتەکەش ئەم وەچە تیۆرییانە دەگرێتەوە:

**یەکەم: گریمانەی کارلێکردن "The interaction hypothesis":**

ئەم گریمانەیە زیاتر درێژکراوە و گەشە پێدەری (گریمانەی تێکردە)ی درکپێکردنە. لەم گریمانەیەدا باوەڕوایە، کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا فێرخواز زیاتر لە ناو کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکاندا چانسی بۆ گفتوگۆکردن بۆ دەڕەخسێت. بەمەش فێرخواز بە ئاستی تێگەیشتن و درکپێکردن دەگات، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە تیۆرییەکە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا، کە لە ناو پۆلی خوێندندا ڕوودەدات زیاتر جەختدەخاتە سەر کاری پێکەوەیی فێرخوازەکان، چونکە کردەی گفتوگۆکردن زیاتر دەڕەخسێنێت. ئەمەش لە خۆیدا هەنگاوی یەکەمە بۆ گەیشتن بە کردەی تێگەیشتن و وردبونەوە لە واتای زمانی دوهەم. بەم پێیە بێت کارلێکردنی کۆمەڵایەتی هاوشانێکی پاڵپشتە بۆ (تێکردە) و هەردوکیان دەبنە ورۆژێنەری زمانپژاندن و زمانفێربونی زمانی دوهەم[18].

**دوهەم: گریمانەی دەرکردە "Output Hypothesis":**

بنەمای ئەم گریمانەیە لە چەمکی (قۆناغی بێدەنگی"Silent Period")ەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە بەوەی، کە کاتێك فێرخواز لەناو پۆلدا گوێ لە پرسیار و داواکاری و ئاخاوتنەکانی مامۆستا و هاوڕێکانی ڕادەگرێت، بەردەوام هەوڵدەدات لە بەر خۆیەوە وەڵامیان بداتەوە یان دوبارەیان بکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاوەزی و بێ چونە قۆناغی دەربڕینەوە، تەنانەت هەندێکجار دەچێتە قۆناغی ورتە ورت و قسەکردنی لە بەرخۆوە. بەمەش فێرخوازەکان دەتوانن گەشە بە کۆزانیاری خۆیان لە سەر زمانی دوهەم بدەن، کە دواتر دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ فێربونی زمانی دوهەم[19]. بەم پێیە بێت تیۆرییەکە وەك یاریدەیەکی گونجاو دێتە بەرچاو بۆ شیکردنەوەکانی گریمانەی (مۆدێلی فێربونی لێهاتوییە درکپێکردنەکان)، چونکە کاتێك فێرخواز پلانی ماتۆریی دادەنێت بۆ دەربڕینی دەرکردەکان چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەرکردەکاندا هەڵێکی گونجاوی بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی شیاوی دەربڕین دەڕەخسێنێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی فێرخواز بە پێی ئەم گریمانەیە ناچار دەبێت گرنگی بدات بە لایەنەکانی ڕێزمان و هەڵبژاردنی وشەکان تا بتوانێت قۆناغی بێدەنگی بە سەرکەوتویی تێپەڕ بکات.

**سێیەم: گریمانەی دروستەی کاتیی پاڵپشت"The Scaffolding hypothesis":**

ئەم تیۆرییە درێژکراوە و گەشەپێدەری تیۆری (کارلێکردنی کۆمەڵایەتی)یە. خودی تیۆرییەکە لە بۆچونەکانی (ڤیگۆتسکی)ەوە هەڵگوێزراوە لە سەر بنەمای گرنگی (تیۆری کلتوری کۆمەڵایەتییانە "Socioculture theory")، کە بە باوەڕی ئەم زانایە بنەمای کرۆکییە بۆ هەموو جۆرە وروژاندنێکی فێربون. بەمشێوەیە گریمانەکە لە دوو چەمکە بنەما پێکهاتووە، کە چەمکی (دروستەی کاتیی پاڵپشت" Scaffolding ") و (هەرێمی گەشەکردنی نزیك " Zone of proximal development")ن. چەمکی یەکەمیان زیاتر مەبەستی لێی ئەوەیە، کە فێرخوازان بە هۆی بونی پاڵپشتییەوە هەمیشە پرۆسەی فێربونەکەیان باشتر دەبێت، ئەگەرچی ناشگەنە ئاستی سەربەخۆی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا. ئەم پاڵپشتییانەش یان ئەوەتا لە لایەن مامۆستاوە دەبێت یان ئەوەتا لە لایەن خودی فێرخوازانەوە خۆیانەوە دەبێت. هەرچی چەمکی دوهەمیشە مەبەست لێی ئەوەیە، کە ئەگەر فێرخوازان نەشتوانن بگەنە ئاستی سەربەخۆیی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا، خۆ دەتوانن بگەنە ئاستی بەدەستهێنانی یارمەتی[20].

**چوارەم: مۆدێلی خۆڕۆشنبیرکردن و تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی" The acculturation model and Social identity theory"):**

ئەم مۆدێلە لە بنەڕەتدا لە ئاوێتەکردنی تێڕوانینەکانی هەردوو تیۆری (کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و دروستەی کاتیی پاڵپشت)ەوە هەڵگوێزراوە، کە بە هۆیەوە دەکرێت گۆشەنیگامان بۆ سەرجەمی پرۆسەی فێربون بە گشتی و فێربونی زمانی

دوهەم بە تایبەتی بگۆڕێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی بە پێی ئەم تیۆرییە: (( دەبێت لە پرۆسەی فێربووندا گرنگی بدرێت بە دەوروبەری کۆسیاسی "Sociopolitical" و لە گرنگیدان بەم چەمکە دەکرێت فێرخواز باشتر و خێراتر فێری زمانی دوهەم بن))[21]. کەواتە تا فێرخواز زیاتر رۆشنبیر بێت بە کولتوری زمانی دوهەم هێندە چالاکانەتر دەتوانێت کۆنترۆڵی پێناسی کەسێتی خۆی و بەرانبەرەکانیشی بکات.

**٣/٢) پرۆسەکانی فێربونی زمانی دوهەم:**

بنەمای داڕشتن و هاتنەکایەی ئەم پرۆسانە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی (کۆزانیاری پێشینە)ی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لە ژیانیدا. ئەمەش لە ڕێگەی درکپێکردن و هەڵسەنگاندنی (کۆزانیاری نوێ) لە ڕێگەی کۆزانیاری پێشینەی مرۆڤەکەوە. بەمشێوەیە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا دوو جۆر کۆزانیاری پێشینە جیاکراوەتەوە، کە ئەوانیش (کۆزانیاری پێشینەی زمانی یەکەم) و (کۆزانیاری هەنوکەیی زمانی دوهەم)ە لە لای فێرخوازی زمانی دوهەم. هەرچی کۆزانیاری یەکەمیانە، تێکڕای کۆزانیاری پێشینەی فێرخواز لە سەر زمانی یەکەم/ زمانی دایکی دەگرێتەوە و کۆزانیاری دوهەمیشیان زیاتر ئەو کۆزانیارییە بەراییەیە، کە فێرخواز لە سەر بنەمای کۆزانیاری یەکەم و تێڕوانینی لە زمانی دوهەم لە سەر خودی زمانی دوهەم بۆی دروست دەبێت. لە ڕاستیدا تێڕامانی فێرخواز لە زمانی دوهەم و پرۆسەی فێربونی لە ڕوانگەی کۆزانیاری پێشینەی زمانی دایکییەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرۆسەی (گواستنەوە "Transfer")، هەروەها کۆزانیاری هەنوکەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرۆسەی (داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردن"Generalization"). لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم دوو پرۆسەیەوە لە لایەن فێرخوازی زمانی دوهەمەوە و ڕامان لە ڕۆڵەکانیان لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا، دوو پرۆسەی تر دەبنە بنەمای دینامیکیەتی گەشەیەکی خێراتری پرۆسەی فێربونەکە، کە ئەوانیش هەردوو پرۆسەی (ئاسانکردن "Simplification") و (لاسایکردنەوە "Imitation")ن. لە بنەڕەتدا دانانی ئەم پرۆسانە وەك بنەمایەك بۆ فێربونی زمانی دوهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کەوا کاتێك فێرخواز قسە بەرهەمدەهێنن بە زمانی دوهەم، ئەوا دەکرێت بگوترێت، کە ئەو فێرخوازە فێری زمانی دوهەم بووە، بەڵام بە مەرجێك بگونجێت لەگەڵ پێودانگەکانی قسەپێکەری ڕەسەنی زمانی دوهەمەکە. ئەوەی گرفتە لەمبارەدا و ئەم چوار پرۆسەیە دەیانەوێت شیکردنەوەی بۆ بکەن ئەوەیە، کاتێك فێرخواز دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی ڕستەکانی زمانی دوهەمی وەك:

1. I don’t know how to do it
2. What’s matter?
3. How are you?
4. I lost my way
5. He has been in Hawraman since 1995

ئەوا نازانرێت ئایا فێرخوازەکە ڕێسا و یاساکانی زمانی دوهەم (ئینگلیزی) فێربووە و توانست و توانای زمانەوانی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت ڕستەی زمانی دوهەمی بەرهەمبهێنێت یان فێرخوازەکە سانایانە تەرزێك/پۆلێك شێوازی دەربڕین و دەربڕاوی زمانی دوهەمی لەبەرکردووە و تەنها دوبارەیان دەکاتەوە. هەربۆیە تەنها ڕێگەی دروستی زانستی بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنی ئەوەی، ئایا فێرخواز لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا دەکەوێتە بەر لێشاوی گەشەی توانستی ئاوەزی؟ یان دەکەوێتە ژێر چەتری لاسایکردنەوە و لەبەرکردن؟ یان دەکەوێتە ژێر ڕکێفە مەودای هەردوکیان؟ بریتییە لە ڕێگەی وردبونەوە نەك تەنها لەو فۆرمە دروستانەی فێرخوازەکە بەرهەمیان دەهێنێت، بەڵکو دەبێت وردیش ببینەوە لەو هەڵانەی لە کاتی بەرهەمهێنانی قسەدا دەیانکات، واتە وردبونەوە لەو هەڵانەی لە کاتی قسەکردندا دەیانکات[22]. هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵینەوەکە ورد و زانستیانە بۆ مەبەستی ڕۆچونە ناو ئەو پرۆسانەی فێربونی زمانی دوهەمی تێدا ڕودەدات لەو هەڵانە زمانییانە دەکۆڵێتەوە لە ڕێگەی شیکردنەوە هەم خودی پرۆسەکان و هەم ئەو هەڵانەی بە هۆی هەر پرۆسەیەکەوە لە فێربونی زمانی دوهەمدا دەردەکەوێت. پرۆسەکانیش، کە فێرخواز جێبەجێیان دەکات و بە هۆیانەوە هەڵە زمانییەکان دەردەکەون بریتین لە:

**یەکەم: پرۆسەی گواستنەوە "Transfer":**

کرۆکی ئەم پرۆسەیەی فێربونی زمانی دوهەم زیاتر خۆی لە هەڵگواستن و بەکارهێنانی هەم سیستەمی زمانیی و هەم داتای زمانیی زمانی یەکەمی فێرخواز لە زمانی دوهەمدا دەبینێتەوە. لەمبارەیەوە (Odline 1989) پێیوایە، کە: (( بە شێوەیەکی تایبەتی کاتێك زمانی دوهەم مەودایەکی فراوانی دروستەکان لەگەڵ زمانی یەکەمیدا بەشداری پێدەکات، ئەوا گواستنەوە پرۆسەیەکی بەهێزە، کە دەتوانێت یەکسەر فێرخواز لە ئاستی قوڵییەوە (کە مەبەست زمانی دایکە) بۆ سیستەمێکی نوێ (کە مەبەست زمانی دوهەمە) بەرێت))[٢٣]. کەواتە لەم بۆچونەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەوا فێرخوازانی زمانی دوهەم دەتوانن بە شێکی گەورە و فراوانی دامەزراوەی کۆزانیاری زمانی دایکیان بۆ زمانی دوهەم بگوازنەوە. ئەمەش وا لە پرۆسەی زمانی دوهەم دەکات هەم ئاسان هەم خێرا بێت. بۆ نموونە قسەپێکەری زمانی کوردی، کە دەیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت وەك زمانی دوهەم (کە داتای ئەم لێکۆڵینەوەیە) وەك ڕاستیەکی درکپێکراوی قسەپێکەرە ڕەسەنەکان شارەزایی و درکپێکردنیان هەیە لە سەر ئەوەی، کە سەرەو ڕیزبونی وشەی دروستی پەیوەست بە ڕێساکانی زمانەکەوە ئاساییانە واتادارن و واتا دەگەیەنن، بۆ نمونە دەزانن، کە چۆن بەرکاری لۆژیکی بگۆڕن بۆ بکەری ڕێزمانی لە پێکهاتەیەکی نادیاردا، یان شارەزاییان هەیە لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی لاگرەکانی وەك (دیاریکردن و دیارینەکردن و کۆ...هتد)، یان شێوازە دروستەکانی داڕشتنی پێکهاتەی ڕستەی سەرجێناوی چۆن بەکاردێت و بەو شێوەیە شارەزان لە سەرجەم پێکهاتەکانی زمانەکەیاندا. بەمشێوەیە فێرخوازەکان خۆیان لە بنەڕەتدا خاوەنی سروشتی درکپێکردنی باوی ئەوەن، کە گرنگی بدەن بۆ نموونە بە ژمارەی ئەو ناوانەی هەر جارەی بەکاریدەهێنن یان ژمارەی ئەو کاتانەی هەر جارەی لەگەڵ کردارەکاندا بەکاریدەهێنن، بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئەم شارەزاییە لە زمانی یەکەمیدا و ڕوانین پێی لە زمانی دوهەم مەرج نییە هەموو جارێك دروست بکەوێتەوە و زۆرجار فێرخواز بەرەو هەڵە دەبات و بەرهەمهێنانێکی هەڵە لە زمانی دوهەمدا بەرهەمدێنن و هەڵەی زمانی دەهێننە کایەوە. واتە ئەگەر پەیکاڵبونی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی ببێتە هۆی ئەوەی، کە ڕوانینی فێرخواز لەزمانی دوهەم لە هەندێك باردا ڕاست بێتەوە، ئەوا مەرج نییە لە وردەکارییەکانیشدا بە هەمان شێوە بێت، بۆ نموونە تایبەتمەندی زمانی ئینگلیزی لە (سەرەو ڕیزبونی پێکهاتەکانی فرێز و ڕستە) و (بەکارهێنانی کات لەگەڵ کردار و ئارتیکڵەکان)دا زۆرجار دەبنە گرفتی ڕاستەوخۆ لە بەردەم فێرخوازانی زمانی کوردیدا، بۆ ڕاستی ئەم بۆچونەش با لەم ڕستانەی خوارەوە ڕابمێنین:

6. *My father is a [ driver fast]
7. *He [was] in Sul. since 2011

ئەگەر لە نمونەی (٧) و (٨) وردببینەوە، دەبینین، کە چەوتی ڕستەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکردنی فێرخوازەکە لە سەرەو ڕیزبونی پێکهاتەکانی ڕستەکەدا، چونکە بە پێودانگی سەرەو ڕیزبونی زمانی کوردی فێرخوازەکە پێکهاتەکانی ڕیزکردووە، هەروەها لە ڕستەی (٨)یشدا فێرخوازەکە بە هۆی بەکارهێنانی درکپێکردنی لە زمانی یەکەمیدا دەربارەی بەکارهێنانی کات لەگەڵ دەمکاتی کرداری ڕستەکاندا بە پێی گەردانکردنیان لە نێوان دەمکاتە جیاوازەکاندا بۆتە بەرهەمهێنانێکی هەڵەی وەك ڕستەی (٨)، کە لە بری کرداری یاریدەدەری (has) هاتووە کرداری یاریدەدەری (was)ی بەکارهێناوە.

**دوهەم: پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن "Generalization":**

لە دوای هاتنە کایەی (کۆزانیاری هەنوکەیی) لە سەر زمانی دوهەم لای فێرخوازانی زمانی دوهەم و پاش جێبەجێکردنی گواستنەوەکان (چ گواستنەوە ئەرێنییەکان بێت چ گواستنەوە نەرێنییەکان بێت) ڕاستەوخۆ فێرخواز بەرەو پرۆسەیەکی ئاوەزیی درکپێکراوی ئاڵۆزتر دەڕوات، کە ئەویش پرۆسەی داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردنە[٢٤]. ئەم پرۆسەیەش زیاتر لە سەر بنەمای زانیاری و داتا بە خشراوەکانی زمانی دوهەم هەڵدەزنرێت، کە فێرخواز لە زمانی دوهەمەوە وەریاندەگرێت و دەبێتە (پێکهێنەری هەنوکەیی) فێرخواز. لەم پرۆسەیەدا فێرخواز هەوڵدەدات بچێتە دیوی ئەودیوی زانیارییە

بەخشراوەکان و بە شێوەیەکی ئاوەزییانەی درکپێکراو چەمکەکان و کۆواتای چەمکەکان داپڕێژێتەوە لە ڕێگەی ئەبستراکتکردنەوە. ئەمەش بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چەمکە داڕێژراوە ئەبستراکتکراوانە بە شێوەیەکی کارەکی و هێنانەدی تێگەیشتن و خوڵقاندنی نمونە و حاڵەتی نوێی شارەزایی و ئەزمون لە زمانی دوهەمدا. بۆ نمونە فێرخوازی زمانی کوردی، کە دەیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت پێویستی بەوە نییە، کە بە شێوەیەکی جیا فێری ئەوە بکرێت، کە چۆن لە کاتی ڕابردوو بدوێت و بە شێوەیەکی جیا فێری ئەوە بکرێت، کە هەر کردارێك لە زمانی ئینگلیزیدا چۆن گەردان دەکرێت بۆ کاتی ڕابردوو، بەڵکو لە بری ئەمە خودی فێرخوازەکە لە سەر بنەمای (کۆزانیاری هەنوکەیی) و زانیارییە بەخشراوەکانی پێڕەوی کردار لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانێت توانستی ئەوە پەیدا بکات و بچێتە پشت زانیارییە بەخشراوەکان و بزانێت، کە شێوەی بنەڕەتی و سەرەکی گەیاندنی واتای کات لە ڕابردوودا بەهۆی زیادکردنی پاشگری (/ed-/)ەوە بۆ سەر کردارەکان دروستدەکرێت، بۆ نموونە وەك دروستکردنی کرداری کات ڕابردووی (٨ و ٩ و ١٠) لە کردارەکانی (١١ و ١٢ و ١٣) بەهۆی زیادکردنی پاشگری (/ed-/)ەوە:

8. Walked
9. Danc***ed***
10. Jump***ed***
11. Walk
12. Dance
13. Jump

یاخود بۆ نموونە لە سەر ئاستی دروستەی سینتاکسی فێرخواز هەر لە ڕێگەی پرۆسەی داڕشتنەوەی چەمکەکان و داتا دابەخشراوەکانی دەتوانێت پرۆسەی ئەبستراکتکردن جێبەجێ بکات بۆ چۆنیەتی دەربڕینی دروستەی بکەرنادیار لە زمانی ئینگلیزیدا، کە تێیدا فێرخواز درك بەوە دەکات چۆن (بەرکاری لۆژیك)ی قسەلێکراو بگۆڕێت بۆ (بکەری ڕێزمانی)ی بابەتی قسەلێکراو و دواتریش ئەم پرۆسەیە بە شێوەی ئەبستراکت لە ئاوەزیدا هەڵبگرێت وەك بەشێك لە (کۆزانیاری هەنوکەیی) لە سەر زمانی دوهەم و لە کاتی پێویستدا بە سەر هەموو (بەرکارە لۆژیکییەکاندا) جێبەجێ بکات، بە مەبەستی دەربڕین بە دروستەی بکەرنادیار.

لەگەڵ ئەم شیکردنانەوانەشدا هێشتا ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە تێبینی ڕوودانی پرۆسەکە بکرێت، بەڵام دەشێت گریمانەی ئەوە بکرێت، کە ئەم پرۆسەیە لە هەموو کاتەکاندا کاردەکات و هەمیشە سودمەند و یارمەتیدەرە بۆ فێربون. خۆ ئەگەر ئەمە حاڵەتەکەش نەبێت و ئەم پرۆسەیە لە هەموو کاتەکاندا کارنەکات، ئەوا فێرخوازی فێربونی زمانی دوهەم هەرگیز نابێت دروستەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە بۆ تێگەیشتن یان دەربڕینی واتای نوێ بەکاربهێنێت. درکپێکردنیشمان بە پرۆسەکە بە شێوەیەکی زەق زیاتر ئەو کاتە دەبێت، کە پرۆسەکە فێرخواز نەبات بۆ بەرهەمهێنانێکی ڕاست و دروست، بەڵکو بیبات بۆ بەرهەمهێنانی فۆرم و واتای زمانی هەڵە و دروستەی زمانی هەڵە بەرهەمبێت. لە تیۆری فێربوونی درکپێکردنیشدا بەمجۆرە هەڵانە دەگوترێت (داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردنی زیاد لە پێویست"Overgeneralization")[٢٥]. نزیکترین نموونە لەم بوارەدا، گەڕانەوەیە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی فۆڕمی کرداری کات ڕابردوو، کە شێوازە گشتییەکەی بریتی بوو لە دروستکردنی کرداری کات ڕابردوو لە زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی زیادکردنی پاشگری (/ed-/) و فێرخواز وەك توانستێکی ئاوەزی وەریدەگرت دەیتوانی بەهۆیەوە فێری چۆنیەتی داڕشتنی ئەمجۆرە فۆڕمەی کردار ببێت لە فێربوونی زمانی دوهەمدا، بەڵام هەر ئەم توانستەی فێرخواز زۆرجار توشی هەڵەی زمانی دەکات، هەرکاتێك فێرخوازەکە تایبەتمەندییەکانی زمانی دوهەمی لەم بارەدا لەبەرچاو نەگرت و شارەزایی نەبوو لەوەی، کە مەرج نییە هەموو سیستەمی کردار لە زمانی ئینگلیزیدا هەر بەم ڕێسا گشتییە ببێتە کات ڕابردوو. هەربۆیە شارەزانەبونی لەم بارەدا دەیبات بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی کرداری کات ڕابردووی هەڵە، کە فێرخوازەکە بە هۆی زیادکردنی پاشگری (/ed-/)ەوە بۆ کۆتایی کردارەکە جێبەجێیدەکات، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا هەروەك زمانی کوردیش هەندێك کردارمان هەیە، کە کرداری ناوازەن و لە دەرەوەی ڕێسا گشتییەکەی گەردانکردنی کرداردان بۆ کاتی ڕابردوو[٢٦]، بۆ نموونە با لە جوتە ڕستەکانی (١٤ا و ١٤ب) و (١٥ا و ١٥ب) ڕابمێنین:

14.

a. *She [ giv***ed** ] us smile

b. She ***gave*** us a smile.

15.

a. * She [ speak***ed*** ] to us

b. She ***spoke*** to us.

ئێستا ئەگەر لە نموونەی (١٤) و (١٥) وردببینەوە، دەبینین، کە فێرخوازەکە لە هەردوو ڕستەی (a١٤ و a١٥)دا لە سەر هەمان ئەو ڕێسایەی بۆ دروستکردنی کرداری کات ڕابردوو لە زمانی ئینگلیزیدا درکپێکراوانە وەریگرتبوو و وەك ڕێسایەك لە توانستیدا ئەبستراکتی کردبوو بە سەر هەردوو کرداری ئەم دوو ڕستەیەشدا جێبەجێی کردووە. بەمەش جێبەجێکردنی ڕێساکەی زیاد لە پێویست بەکارهێناوە و فێرخوازی توشی هەڵە کردووە و دەربڕاوی هەڵەی بەرهەمهێناوە، چونکە هەردوو کرداری ئەو دوو ڕستەیە لە کردارە ناوازەکانی زمانی ئینگلیزی، کە گەردانکردنیان بۆ کاتی ڕابردوو فۆرمی تایبەتی خۆیان هەیە و بە هۆی زیادکردنی پاشگری (/-ed/)ەوە ناکرێن بە ڕابردوو، بەڵکو دەبێت فۆرمە تایبەتەکەی خۆیان بۆ بەکاربێت، هەروەك لە ڕستەکانی (b١٤ و b١٥).

لە کۆتایی شیکردنەوەکانی ئەم دوو پرۆسەیەدا (گواستنەوە، داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردن) پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەم دوو پرۆسەیە نەك هەر جیاواز نین لە یەکتری، بەڵکو تەواوکەری یەکترن و پەیوەستن بەیەکەوە، چونکە هەریەکێکیان ڕێگایەکە بۆ بەکارهێنانی (کۆزانیاری پێشینە) بۆ دروستکردنی تێگەیشتن و درکپێکردنی چەمك و داتا زمانییە نوێیەکانی زمانە نوێییەکە/ زمانی دوهەم. بەمشێوەیە لەم دوو پرۆسەیەدا کۆزانیاری پێشینە لە سەر زمانی دایك و کۆزانیاری هەنوکەیی لە سەر زمانی دوهەم یەکدەگرن، تاوەکو ڕێگەیەکی هاوشێوە پێشکەشی فێرخواز بکەن بۆ دروستکردنی درکپێکردن و تێگەیشتن بۆ داتا و واتای داتا زمانییە نوێیەکانی زمانە نوێیەکە/ زمانی دوهەم.

**سێیەم: پرۆسەی ئاسانکردن "Simplification":**

هەرکاتێك مرۆڤ دەچێتە بابەت و پرۆسەیەکی نوێوە، ئەوا درك بە مەترسیی ئەو بابەت و پرۆسەیە نوێیە دەکات، کە چۆتە ناویەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستییەی، کە مرۆڤەکە هیچ لەو بابەت و پرۆسەیە نازانێت و بە لایەوە ئاڵۆزە. بەڵام لە ڕوانگەی تیۆری (Reductionism)ەوە، کە بریتییە لە: ((تیۆری شیکردنەوەی بابەت و پرۆسەئاڵۆزەکان بۆ پێکهاتە ئاسانەکانی لە سەر بنەمای ئەو ڕاستییەی، کە دەتوانین لە ڕێی پێکهاتەکانیانەوە لە هەموو پێرەوە ئاڵۆزەکان بگەین))[٢٧]. لەم ڕوانگەیەوە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا (بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربوندا) فێرخواز بەردەوام بۆ ڕەواندنەوەی ترسیان لە نوێیی بابەتی زمانی دوهەم پەنا دەبەنە بەر پرۆسەی (ئاسانکردن)، کە تێیدا فێرخوازەکە ئەو کەرەستانە لادەبات، کە بە ئاڵۆز دەیانبینێت و وەك کەرەستەی زیادە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و لە بری ئەم کەرەستانە فێرخواز هەندێك دەربڕاو بەرهەمدەهێنن، کە هاوشێوەی (ئاخاوتنی تەلەگرافی"Telegraphic Speech")[٢٨]یە لە پرۆسەی زمانپژاندن بە زمانی یەکەم. بۆ شیکردنەوەی زیاتر با لەم دەربڕاوانە بڕوانین:

16. Pleas, water!

17. Fire, go!

فێرخواز لە دەربڕینی ڕستەکانی (١٦ و ١٧)دا واتای دوو ڕستەی تەواوی دەربڕیوە بە پێی توانای زمانەوانی سادەی خۆی، بەڵام واتایەکی تەواو یان نیمچە تەواو بە گوێگری زمانی دوهەم دەبەخشێت، کە قسەپێکەری ڕەسەنی زمانی دوهەمە. هەربۆیە گوێگر تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی تێگەیشتنی خۆی و شارەزایی لە زمانی دایکیدا دەتوانێت لێکدانەوە بۆ ئەم دوو دەربڕاوە بکات و جۆرە واتایەکی بۆ دیاری بکات، بەڵام مەرج نییە هەموو گوێگرەکان هەمان واتا بۆ ئەو دەربڕاوانە دیاری بکەن، بەڵکو ڕەنگە لە وردەکاری تێگەیشتنی واتای دوو دەربڕاوەکەدا لە یەکتر جیاوازین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا زۆرینەیان تێدەگەن، کە قسەکەر مەبەستی دوو ڕستەی وەك (١٨ و ١٩) یان نزیك لەم دوو ڕستەیەیە:

18. Pleas can you give me a glass of water.

19. There is a fire in the school; you must go to your home.

بەمشێوەیە فێرخواز بەردەوام لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربونەکەیدا پەنا بۆ ئەم پرۆسەیە دەبات و هەوڵدەدات پێداویستییە زمانییەکانی خۆی لە زمانی دوهەمدا پێ دابین بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەمجۆرە دەربڕاوانە توانا بە قسەکەرانی زمانی دوهەم دەدات بۆ هەڵگرتنەوەی واتای سەرەکی و بەرایی بە توانستێکی زمانەوانی لاواز یان کاڵ لە زمانی دوهەمدا. لە ڕاستیدا ئەمجۆرە پرۆسەیە بواری کارلێکردنی کۆمەڵایەتی بۆ فێرخوازان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربونەکەیدا دەڕەخسێنێت، کە تیۆرییەکان فێربونی درکپێکردن، کە بە ئاراستەی دەوروبەر بون زۆر جەختیان لێدەکردەوە. بەمەش مەودایەکی بەرفراوان بۆ فێرخواز دەڕەخسێت، تا بتوانێت بناغەی زمانی دوهەم لە ئاوەزیدا دابڕێژێت و لە سەر بنەمای ئەو هەڵانەی بەم پرۆسەیە جێبەجێیدەکات لە دواتردا گەشە بە پێڕەوی زمانیی و زمانەوانی خۆی لە زمانی دوهەمدا بدات.

**چوارەم: پرۆسەی لاسایکردنەوە "Imitation":**

چەمکی (لاسایکردنەوە) چەمکێکی گرنگی پێکهێنەری قوتابخانەی زمانەوانی ڕەفتاری بووە، کە پێیوابووە لەبەرکردن لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەوە بنەمای هەموو پرۆسەیەکی فێربونە. بێگومان ئەم چەمکە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەلانرابوو و بە هەڵە دەزانرا[٢٩]، بەڵام لە ئێستای قوتابخانەی زمانەوانی کارەکی درکپێکردندا جارێکی تر ئەم چەمکە وەك چەمکێکی گرنگ هەژمار دەکرێت لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا. گرنگییەکەشی زیاتر لە فێربونی (ئاخاوتنی فەرمی "Formulaic Speech")[٣٠]دا دەردەکەوێت، کە ئەمجۆرە لە ئاخاوتنیش زیاتر بریتییە لە قسەکردن و پەیوەندیکردن بە دەربڕاوی (وشە پڕکەرەوە "Filler Word")ی وەك:

٢٠. دەنگەکانی وەك [ Uhm ،Er ].

٢١. وشەکانی وەك [ Like, You know, I mean, So, Actually, Basically, Right, …etc ].

ئەمجۆرە دەربڕاوانە، کە پێکهێنەری ئاخاوتنی فەرمین، فێرخواز هەمیشە بەرهەمیان دەهێنێت وەك ئامرازێك بۆ کۆپیکردن لە بارودۆخە گرنگەکانی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دژی.

لە ڕاستیدا هەردوو پرۆسەی (ئاسانکردن و لاسایکردنەوە) ئامرازی زمانیی تارادەیەك گونجاو بە فێرخواز دەبەخشن، تا بتوانێت لە پەیوەندیکردن بە زمانی دوهەم بەردەوام بێت لەو بارودۆخە پەیوەندیکردنانەی، کە فێرخواز توانست و توانای زمانەوانی پێویستی نییە بۆ ئاخاوتن و مانەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بە زمانی دوهەم. ئەمە جگە لەوەی هەردوو پرۆسەکە فێرخواز دەخەنە سەر ئاستی وردە وردە ناسینی داتاکانی زمانی دوهەم و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە ڕێگەی بە هەڵە بەکارهێنانی خودی دەربڕاوەکانەوە. بەمەش فێرخوازەکە بەشێوەیەکی پلە بە پلە ئاوێتە دەبێت بە کونج و قوژبنەکانی زمانی دوهەم.

**٤/٢ نموونەی هەڵە زمانییەکان لە ئاخاوتنی فێرخوازی زمانی دوهەم پەیوەست بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (شیکردنەوەی هەڵەیی"Error Analysis")وە:**

هەروەك لە شیکاری چوار پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا خرایەڕوو، کە فێرخوازی زمانی دوهەم بەردەوام لە ڕوانگەی دروستە و داتا زمانییەکانی زمانی دایکییەوە دەچێتە ناو پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمەوە و لەمەشدا ڕاستەوخۆ دەستدەکات بە جێبەجێکردنی پرۆسەکانی (گواستنەوە) و (دارشتنەوە و ئەبستراکتکردن). بەم جێبەجێکردنەش فێرخوازەکە دروستەی ڕێزمانی زمانی یەکەمی بە سەر فێربونەکەیدا دەچەسپێنێت، ڕەنگە دیارترین ئەو چەسپاندنانەش لەم دوو دروستەیەدا ببینرێتەوە:

١) لە دروستەی نەرێکردندا:

فێرخوازی زمانی کوردی، کە دەیەوێت فێری زمانی دوهەم ببێت، ئەوا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربونەکەیدا بە دروستەی ڕێزمانی زمانی کوردی ڕستەی نەرێکردنی زمانی ئنگلیزی بەرهەمدێنێت. هەروەك دەشزانرێت، کە دروستەی ڕستەی نەرێکردنی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بە هۆی زیادکردنی مۆرفیمی نەرێکردنەوە دەبێت بۆ ناو ڕستەکە و دانانی لە پێش پێکهاتەی کردار[٣١]. بەم درکپێکردنەوە فێرخوازەکە دروستەی ڕستەی نەرێکردنی زمانی ئینگلیزی بەرهەمدێنێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕستەکان

وردببینەوە:

٢٢) (من) چاوەڕێی [ نـاکەم].

٢٣) (من) [نـامەوێت].

٢٤) [نامەوێت] و حەزیشم لێی [نـییە].

کاتێك فێرخوازەکە بیەوێت واتای نەرێکراوی ڕستەکانی (٢٢ و ٢٣ و ٢٤) بە زمانی ئینگلیزی دەرببڕێت، ئەوا لە سەر بنەمای درکپێکردنی دروستە نەرێکراوەکانی ڕستەکانی سەرەوە ڕستەکانی (٢٥ و ٢٦ و ٢٧)ی هەڵە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرهەمدێنێت:

25. * I [***no***] wait him

26. * I [no wan't] it

27. * I [***no*** wan't] it, I [***not*** like] that

بەمشێوەیە لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی پرۆسەی (گواستنەوە) و (داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردن) بمانەوێت وێنایەکی کارەکییانە بۆ ڕاستیی بەرهەمهێنانی ڕستە نەرێکراوەکانی زمانی ئینگلیزی بە درکپێکردنی زمانی یەکەم بکەین، ئەوا لەم قۆناغەدا پێویستە بچینە سەر شیکردنەوەی داتا وەرگیراوەکان لە خوێندکارانی قۆناغی دوهەمی بەشی ئینگلیزی سکوڵی (زمان)ی زانکۆی سلێمانی، کە زمانی کوردی زمانی یەکەمیانە و زمانی ئینگلیزی وەك زمانی دوهەمیان وایە. لەمبارەیەوە لە کۆی ئەو (٦٤) فۆرمەی لە شێوەی ڕاپرسی ڕووماڵیدا بە سەر خوێندکارەکاندا دابەشکراوە و تێیدا داوایان لێکراوە (بە بێ یارمەتی سەرچاوە و بە بێ هیچ زۆر لە خۆ کردنێك) سێ ڕستەی (٢٢ و ٢٣ و ٢٤) وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەوا پاش وردبوونەوە لە داتا بەدەستهاتووەکان و ڕامان لە ڕستە وەرگێڕاوەکانی خوێندکاران ڕاستی گریمانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر جەختی لێدەکرێتەوە، کە ئەویش خۆی لە کاریگەریی درکپێکردنی زمانی دایك و ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانیدا دەبینێتەوە لە داڕشتنەوەی زمانی دوهەمیاندا. ئەم کاریگەرییە بە ڕادەیەك بووە، کە دەکرێت بگوترێت سەرجەمی (٦٤) خوێندکارەکە وەرگێڕانەکانیان لە ڕوانگەی درکپێکردنیان بە ڕێساکانی زمانی دایکییانەوە کردووە، بۆیە دوو وەرگێڕان لەو (٦٤) فۆرمە نابینرێتەوە، کە تەواو لە یەك بچن. ئەمەش ڕاستەوخۆ جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە خوێندکارەکان درکپێکردنیان بۆ ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی دایکییان جیاواز بووە و هەر بەو ڕوانگە جیاوازانەی خۆشیانەوە ڕستە ئینگلیزییەکانیان داڕشتۆتەوە، هەربۆیە وەرگێڕانەکانیان لەیەکتر جیاوازە و ئەو هەڵە ڕێزمانیانەش، کە لە وەرگێڕانەکاندا کردویانە زیاتر لەم سێ خاڵەدا خۆیان دەبیننەوە:

١-) لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە (٣٥) خوێندکاریان لە داڕشتنەوەی ڕستە ئینگلیزییەکاندا (کرداری یاریدەدەری "Aux Verb") جیاوازییان بەکارهێناوە. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (گواستنەوە)ی ئەو درکپێکردنەی خوێندکاران، کە لە زمانی دایکیاندا (کرداری یاریدەدەر) بونی نییە یان درکیان بەوە کردووە، کە واتای (کرداری یاریدەدەر) لە ناو پێکهاتەی کرداری زمانی دایکیاندا بونی هەیە، بەڵام شارەزاییان هێندە نەبووە تا بتوانن ئەو واتا ڕێزمانییەی ناو پێکهاتەی کردارەکانی زمانی دایکیان بە دروستی لە زمانی دوهەمیاندا دابڕێژنەوە. هەربۆیە چەندین (کرداری یاریدەدەری) جیاوازیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە داڕشتنەوەی ڕستەی (٢٢)دا ئەم ڕستە جیاوازانەیان بەرهەمهێناوە:

28. a.* Iam not waiting for her/him
b.* I'm not waitting him/her
c.* I will not wait
d.* I can't wait
e.* I can't wait him
f.* I'm not going to wait him/her

بەڵام لە کۆی ئەو (٦٤) خوێندکارە تەنها (٣٤) خوێندکاریان زیاتر ڕستەی (٢٢)یان وەك ڕستەکانی نموونەی (٢٩) داڕشتۆتەوە:

29. a.* I don't wait
b.* I don't wait for him/her
c.* I don't wait him/her
d.* I don't waitting him

٢-) لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە (٤٤) خوێندکاریان بە هەڵە کەسی ناو پێکهاتەی کرداری زمانی دایکیان لە زمانی دوهەمیاندا داڕشتۆتەوە. بێگومان ئەمەش بە شێ‌ەی جیاواز (واتە یان هەر نەیانوسیووە یان بە هەڵە نوسیویانە). ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆ

ئەو درکپێکردنە دەگەڕێتەوە، کە خوێندکارەکان لە داڕشتنەوەی کەس لە ڕستە ئینگلیزییەکەدا لە درکپێکردنیان بە (کەس) لە ڕستەی زمانی دایکیاندا سودیان وەرگرتووە و ئەم درکپێکردنەشیان ڕاستەوخۆ (گواستۆتەوە) بۆ زمانی دوهەمیان. ئاشکراشە، کە کەس لە زمانی کوردیدا لە ناو پێکهاتەی کرداردایە، بۆیە خوێندکارەکان لە نەبینینی مۆرفێمییانەی (کەس)ەکە لە زمانی دایکیاندا ڕاستەوخۆ لە زمانی دوهەمیاندا (کەس)ەکەیان فەرامۆش کردووە، بەڵام ئەو خوێندکارانەشیان، کە درکیان بە بونی کەس لە ناو پێکهاتەی کردارەکەی زمانی دایکیاندا کردووە. نەیانتوانیووە ڕاستەوانە کەسەکان لە زمانی دوهەمیاندا دابڕێژنەوە، هەربۆیە ئەم (٤٤) خوێندکارە لە داڕشتنەوەی ڕستەکانی (٢٢ و ٢٣ و ٢٤)دا چەند ڕستەیەکی وەك ئەمانەی خوارەوەیان لە زمانی دوهەمدا بەرهەمهێناوە:

30. a. * I don't wait [Ø]
b. * I don't waitting for [Ø]
c. * I will not be waitting for [Ø]
d. * I don't want [Ø]
e. * I don't want [Ø] and I don't like [Ø]
f. * I don't use [that]

بەمشێوەیە لە کۆی ئەو (٦٤) خوێندکارە تەنها (٢٠) خوێندکاریان درکیان بە ڕاستی بوونی (کەس) لە زمانی دایکیاندا کردووە و ئەم درکپێکردنەشیان ڕاستەوخۆ بۆ بەرهەمهێنانی زمانی دوهەمیان گواستۆتەوە لە داڕشتنەوەی ڕستەکانی زمانی دوهەمیاندا سودیان لێوەرگرتووە و بەرانبەر ڕستەکانی (٢٢ و ٢٣ و٢٤)، ئەم ڕستانەیان داڕشتۆتەوە:

31. a.? I don't wait him/her
b.? I don't wait for him/her
c.? I don't waitting for him/her
d.? I don't want it
e.? I don't want it and dislike it

کەواتە داتا شیکراوەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کەوا زۆرترینی هەڵەکان (کاتوکەس)ی ڕستەکاندا ڕویانداوە، بۆیە بە (شیکردنەوەی هەڵە)ی ڕاپرسییە ڕووماڵییەکەمان ئەوەمان پێدەڵێت، کە توانستی درکپێکردنی خوێندکارانی قۆناغی دوهەمی بەشی ئینگلیزی زانکۆی سلێمانی درکپێکردنیان بۆ (کاتوکەس)ی ڕستەی زمانی یەکەمیان لێڵی پێوە دیارە. بۆیە پێویستە هەم ئەم دوو بوارەی زمانەکەمان زیاتر گرنگی پێبدرێت و شیکردنەوەیان لەبارەوە بکرێت و بەرەو ستانداردی ببرێن، تا توانستی درکپێکردنمان پێی زیاتر بێت و سەرکەوتوانەتر بچینە ناو پرۆسەی فێربوونی زمانی دوهەمەوە.

٢) لە دروستەی پرسیاردا:

بە هەمان ئاڕاستە و پێودانگی (دروستەی نەرێکردن)، فێرخوازی زمانی دوهەم لە زمانی کوردیدا بە درکپێکردنی دروستەی ڕستەی پرسیاری زمانی یەکەمییەوە دەچێتە پرۆسەی فێربون و بەرهەمهێنانی دروستەی ڕستەی پرسیاری زمانی ئینگلیزییەوە (وەك زمانی دوهەم). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە ڕستەکانی (٣٢ و ٣٣ و ٣٤)ی زمانی کوردی ڕابمێنین، دەبینین، کە هەریەکەیان پرسیارکردنە لە کاتێکی دیاریکراودا و تەنها وەڵام بۆ قسەکەر (واتە بۆ ڕستەکانی ٣٢ و ٣٣ و ٣٤) ئەو کاتە نرخی واتایی دەبێت و دەشبێتە وەڵامی ڕاستەقینە، کە گوێگر بە پێی کاتی ڕستە پرسیارییەکە وەڵامی بداتەوە، تاوەکو قسەکەر بتوانێت وەڵامی گونجاوی دەست بکەوێت. با لە ڕستەکان وردببینەوە:

٣٢) [ بۆچی] لێرەیت؟

٣٣) [ لە کوێ] بویت؟

٣٤) [ کەی] هاتیت؟

بەمشێوەیە دەبێت کاتێك قسەکەری زمانی ئینگلیزی (وەك قسەپێکەرێکی زمانی دوهەم) بیەوێت ئەم ڕستانەی زمانی دایکی بە زمانی دوهەمیان دەربڕن، ئەوا زۆر بە وردی دەبێت درکی بە کاتی کرداری ڕستە پرسیارەکان و وشە پرسیارەکان کردبێت و

تەنها لەم درکپێکردنەوە ڕستە پرسیارییەکان لە زمانی دوهەمیدا دابڕێژێتەوە و بەرهەم بهێنێت، دەنا هەروەکو لە سەرەوە خرایەڕوو، پرسیارکەر وەڵامی گونجاوی لە کاتی گونجاودا دەست ناکەوێت. بەڵام ئەنجامی ئەو ڕاپرسییی ڕووماڵییەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەخاتەڕوو، ئەوە دەنوێنێت، کە خوێندکارەکان تەواو شارەزایی (وشەی پرس) و کاتی ڕستە پرسیارییەکانی زمانی دایکیان نین و گۆشە نیگای جیاوازیان بەرانبەری هەیە و درکپێکردنیشیان بەم لایەنەی زمانی دایکیان لاواز و تێکەڵ و پێکەڵە. هەربۆیە بەم توانستە درکپێکردنەی زمانی دایکییانەوە چونەتە ناو فێربوونی زمانی دوهەمیانەوە و شیانی فێربوونی زمانی دوهەمیشیان نزمدەبێتەوە و توشی هەڵەی ڕێزمانی دەبن. ئەم ڕاستییە درکپێکراوەش لە ڕاپرسییە ڕووماڵییەکەدا بەمشێوەیە خۆی دەنوێنێت:

١- لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە، (١٥) خوێندکاریان درکپێکردنی تەواوەتیان بۆ (کات) لە ڕستەی پرسیاری زمانی دایکیاندا تەواو کەم بووە، هەربۆیە لە داڕشتنەوەی ڕستەکانی (٣٢ و ٣٣ و ٣٤)دا بە زمانی دوهەمیان ڕستەکانی نموونەی (٣٥)یان بەرهەم هێناوە:

35. a. * Why you here?
b.* Where you been?
c.* When you came?

٢- لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە تەنها (٤) خوێندکاریان لە درکپێکردنی وشەی پرسی ڕستەی (٣٤)ی زمانی دایکیان پەیبردنیان جیاواز بووە و لە زمانی دوهەمیاندا بەو گۆشە نیگا جیاوازەوە وشە پرسەکەیان داڕشتۆتەوە، هەروەک لە ڕستەکانی نموونەی (٣٦)دا دیارە:

36. a.? [When] did you come?
b.? [What time] did you arrive?

٣- لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە، تەنها (٣٥) خوێندکاریان بە تەواوی درکپێکردنیان بۆ واتای کات لە ڕستە پرسیارییەکانی زمانی دایکیان هەبووە، هەربۆیە بەم درکپێکردنەوە ڕستە پرسیارییەکانی زمانی دوهەمیان داڕشتۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا بە هۆی نەبوونی شارەزایی ڕێزمانی تەواو لە دروستەی ڕستەی پرسیاری زمانی دوهەم سەرجەم خوێندکارەکان لە داڕشتنەوەی ڕستەی پرسیاری زمانی دوهەمیان جیاواز بوون و لە دانانی (کرداری یاردەدەر)ەکانداهەم کاتی جیاوازییان بەکارهێناوە و هەم جێکەوتەی دانانی (کرداره یاریدەدەر)ەکانیشیان بە شێوەی جیاواز و لە پێگەی جیاوازدا داناوە، هەروەک لە نموونەکانی (٣٧)دا (کرداره یاریدەدەر)ە جیاوازە دانراوەکان دەخرێنەڕوو و لە ڕستەکانی نموونەی (٣٨)یشدا جێکەوتە جیاوازەکانی دانانی (کرداره یاریدەدەر)ەکانی ڕستە پرسیارەکان دەنوێنرێن:

37. a. * Why you [are] here?
b. * Why [do] you in here?
c.* Why you [have] been here?
d.*Why [is] here?
} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٢)

e.* Where [was] you?
f.* Where [were] you?
j.* Where [do] you?
k.* Where [have] you been?
} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٣)

m.* Where [are] you?
n.* When [are] you come?
l.* When [did] you come?
h.* When [have] you come?
} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٤)

نموونەکان ڕاستەوخۆ ئەو ڕاستیە شیدەکەنەوە، کە خوێندکاران درکپێکردنی جیاوازییان سەبارەت بە کاتی ڕستە پرسیارییەکانی زمانی دایکیان هەبووە، هەربۆیە لە بەرهەمهێنان و داڕشتنەوەی ڕستە پرسیارییەکانی زمانی دوهەمیان ئەم جیاوازییە کاتییەیان ڕەنگپێداوەتەوە. ئەم ڕاستییە سەبارەت بە درکپێکردنی جێکەوتەی کرداری یاریدەدەرکانیش ڕاستە، چونکە خوێندکارەکان جێکەوتەی جیاوازییان پێ بەخشیووە، هەروەک لە ڕستەکانی نموونەی (٣٨)دا دەردەکەوێت:

38. a.1 * Why [you + are] here?
a.2 * Why [are + you] here?
b.1* Why [do + you] in here?
b.2* Why [you + do] in here?
c.1* Why [you + have] been here?
c.2* Why [have + you] been here?

} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٢)

d.1* Where [were + you]?
d.2* Where [you + were]?
e.1* Where [are + you]?
e.2* Where [you + are]?

} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٣)

f.1* When [are + you] come?
f.2* When [you + are] come?
j.1* When [have + you] come?
j.2* When [you + have] come?

} وەرگێڕانە هەڵە جیاوازەکانی ڕستەی (٣٤)

نمونەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خودی فێرخواز بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە دۆزینەوەی ئەو زمانەدا دەکات، کەدەیەوێت وەك زمانی دوهەم فێری ببێت. بەمەش دەکرێت بگوترێت درکپێکردنەکانی فێرخوازەکە لە سەر بنەمای تێکردەی زمان و تاقیکردنەوەی درکپێکردنەکانی خۆی لە سەر زمانەکە ڕادەوەستێت لە پڕۆسەی (بەرهەمهێنانی ئاخاوتن)دا. لەم تێگەیشتنەوە (پیت کۆدەر "Pit Coder1967") بنەمای ڕێبازی کارکردنی (شکردنەوەی هەڵە)[٣٢]ی داڕشتووە بەوەی، کە (هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دوهەم) بونیان نەك وەك ڕاستییەك هەر هەیە لە پڕۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا، بەڵکو ئەم هەڵانە زۆر گرنگن و وەك نیشانەیەکی پێویستن بۆ فێربونی زمان لای فێرخوازەکە، چونکە بە بێ ئەم هەڵانە باشبونی فێربونی زمانەکە لای فێرخوازەکە کارێکی مەحاڵە. بەم شێوەیە (کۆدەر) چەمکی (توانستی کاتی" Transitional Competence")[٣٣]ی داڕشتۆتەوە بۆ ئاماژەدان بە دینامیکییەتی (چالاکی) سەرەکی و پێڕەوی گەشەکردنی پلە بە پلەی فێرخوازەکە لە زمانی دوهەمدا. بەمشێوەیە ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) لە دوای سەرهەڵدانی تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی) و دەربڕینی بۆچونەکانیان لە سەر پڕۆسەی زمانپژاندن و زمانفێربون و ئاماژەدان بە چەمکی (ڕێبازی هۆکار لەخۆدا هەڵگر"In bit syllabus")[٣٤] تەرزێکی نوێیان بە (شیکردنەوەی هەڵە) بەخشی. هەربۆیە لە گۆشە نیگای بۆچونە نوێیەکەی تیۆری (بەرهەهێنان و گواستنەوە)وە، ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) گەیشتە ئەو ئاستەی، کە شیکردنەوەی هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دوهەم بە سەلمێنەری چەمکی (هۆکار لەخۆدا هەڵگر) دابنێن، چونکە بەردەوامی و جێگیری هەڵەکان لە زمانفێربونی فێرخوازدا ئاماژەدانە بە فێربونی کەرەستە نوێیەکانی زمانی دوهەم لای فێرخوازەکە.

لە ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵەکان)دا دوو جۆر هەڵە لە یەکتری جیاکراوەتەوە، کە (هەڵە ئاشکراکان"Overt Error") و (هەڵە شاراوەکان"Covert Error")ن. جیاوازی نێوان ئەم جۆرەش لەوەدایە، کە (هەڵە ئاشکراکان) لە زمانی قسەکردنی فێرخوازدا ئاشکرا درکی پێدەکرێت، بەڵام جۆرەکی تریان جگە لەوەی دەرکەوتنیان کەمتر دیارە، لە هەمانکاتیشدا فێرخواز ناتوانێت مەبەستی واتاکە لە ڕستەکدا بە ڕونی دەرببڕێت. ئەمە جگە لەوەی (هەڵە شاراوەکان) زیاتر لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی فێربونی زمانی دوهەمدا ڕوودەدات، بۆ زانیاری زیاتر با لە ڕستەکان وردبببینەوە:

٣٩. ا– *من ویستمە [**زمانی عەرەبیەکە**] بزانم

٣٩ . b.* *I want know [***the***] Arabic

٤٠. ا– (من) ویستمە [زمانی عەرەبی] بزانم.

٤٠ . b. I want know Arabic.

ئێستا ئەگەر بەراوردی دوو ڕستەی نمونەی (٣٩) بکەین بە دوو ڕستەی نمونەی (٤٠)، بۆماندەردەکەوێت، کە هەڵەیی نمونەی

(٣٩) دەگەڕیتەوە بۆ هەڵەیەکی شاراوە لە داڕشتەی ڕستە ئینگلیزییەکە بە هۆی بونی پێشگری دیاریکەرەوە، کە ناپێویستە و فێرخواز بە کاریگەری دروستەی هەمان ڕستە لە زمانەکەی خۆیدا ئەم هەڵەیەی گواستۆتەوە، چونکە ڕاستە ڕستەی (ا٣٩) جۆرێك لە زبرێتی پێوە دیارە، بەڵام لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیشدا دەگوترێت و واتا دەگەیەنێت، بەڵام ئەمە نابێت وا لە فێرخواز بکات هەمان تایبەتمەندیی ڕستە کوردییەکە لە زمانی دوهەمیدا جێبەجێ بکات، چونکە هەڵەی شاراوەی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە لە بەراوردکردنی دوو ڕستەی نمونەی (٤٠)دا ئەمجۆرە هەڵەیەی لە ڕستە ئینگلیزییەکەدا نابینینەوە، چونکە لە بنەڕەتدا فێرخواز ڕستە کوردییەکەی (ا٤٠) زبریی ڕستەی (ا٣٩)ی تێدا نییە.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی سەرەوە، ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە هەڵەیە، جیاوازی کردووە لە نێوان دوو چەمکی (هەڵە "Error") و (بەهەڵەداچوون "Mistake")[٣٥]. بەم پێیە ڕێبازەکە وای لێکدەداتەوە، کە نموونەی (٤١) هێندەی (بەهەڵەداچوون)ی فێرخوازە، ئەوەندە (هەڵە) نییە:

.٤١

ا- پیاوەکە سەرخۆشە.

ب- پیاوەکە نقوم بوو.

c. *The man is [drunken]

d. The man has [drowned].

لێرەدا ئەگەر بێتو فێرخواز لە سەر بنەمای ڕستەی (ا٤١)، ڕستە ئینگلیزییەکە بگوازێتەوە و دابڕێژێتەوە، ئەوا ئەنجامەکەی ڕستەیەکی ناڕێزمانی وەك (c٤١) دەبێت، بەڵام ئەگەر لە سەر بنەمای ڕستەی (٤١ب) ڕستە ئینگلیزییەکە بگوازێتەوە و دابڕێژێتەوە، ئەوا ئەنجامەکەی ڕستەی دروستی (d٤١) دەبێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەگەر لە سەر بنەمای ڕستەی (ا٤١) بێت فێرخواز توشی بەهەڵەداچوون دەبێت، بەڵام لە سەر بنەمای (٤١ب) فێرخواز توشی ئەم بەهەڵەداچوونە نابێت.

بەمشێوەیە ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) لە ئێستادا گەیشتۆتە ئاستی دیاریکردنی (چەشن و ئاستەکانی هەڵە) و ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ دیاریکردنی چەشن و ئاستەکانی هەڵەکانی لە نێوان فێرخوازانی زمانی کوردی پەنا دەباتە بەر ئەو پێڕەوەی (Abadi2001)[٣٦] پەیڕەوی کردووە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

- چەشنەکانی هەڵە:

پەیوەست بە داتا شیکراوە بەراوردکارییەکانی نێوان هەردوو زمانی کوردی (وەك زمانی یەکەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا) و زمانی ئینگلیزی (وەك زمانی دوهەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا)، دەتوانرێت ئەم چەشنانە دیاری بکرێت:

١. زیادکردنی کەرەستەی زمانیی: ئەم چەشنەش زیاتر بریتییە لە زیادکردنی کەرەستەیەك بۆ دروستەی ر ڕستەی زمانی دوهەم بە کاریگەری زمانی یەکەمی فێرخواز، وەك:

.٤٢

ا- ئەو[ بۆ قوتابخانە ] دەڕواتەوە. B. * She will [*to*] go school

زیادکردنی کەرەستەی (to) بەکاریگەری بونی پێشگری (بۆ)ەوە بووە لە زمانی یەکەمدا

لەمبارەیەوە ڕاپرسییە ڕووماڵییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەم ڕاستییە دەکاتەوە. ئەمەش بەوەی خوێندکاران لە وەرگێڕانی ڕستیەکی وەك (٤٣)دا:

٤٣. (من) دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.

لە کۆی (٦٤) خوێندکار، تەنها (١١) خوێندکار توانیویانە خۆیان لە گواستنەوەی هەڵەییانەی درکپێکردنی زمانی یەکەمیان بپارێزن و ڕستەی (٤٣) لە ڕستەی (٤٤)ی زمانی دوهەمیاندا درووست دابڕێژنەوە و وەرگێڕانی پرپۆزیشنی فرێزە پێشناوییەکە جێبەجێ بکەن، هەروەك لە (٤٤)دا دیارە:

44. I go home now.

بەڵام لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە، (٥٣) خوێندکاریان توشی پڕۆسەی (زیادکردنی کەرەستەی زمانیی) بون بە

کاریگەری درکپێکردنی زمانی یەکەمیان، هەروەك لە (٤٥)دا دیارە:

45.* I go [***to***] home

٢. لابردنی کەرەستەی زمانیی: بریتیە لە لابردنی کەرەستەیەکی زمانی پێویستی زمانی دوهەم بە کاریگەری نەبونی ئەو کەرەستەیە لە دروستەی ڕستەی زمانی یەکەمدا، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە بەراوردکردنی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بڕوانین:

٤٦.

ا– براکەم [ # ] پرۆفیسۆرە. B. *my brother is [#] professor

هەڵەبونی ڕستەی (b٤٦) دانەنانی کەرەستەی دیاریکەری (a)ەوە بووە بەکاریگەری نەبونی لە زمانی یەکەمدا.

بە هەمانشێوە لە کۆی (٦٤) خوێندکارەکە ڕێژەی (٢١) خوێندکاریان بە هۆی گواستنەوەی درکپێکردنی زمانی یەکەمیانەوە بۆ زمانی دوهەمیان توشی هەمان هەڵەی زمانیی بونەتەوە، هەربۆیە لە وەرگێڕانی ڕستەیەکی وەك (٤٧)دا ڕستەی (٤٨)یان بەرهەمهێناوە:

٤٧ . ئازاد [ # ] خوێندکارە. 48.* Azad is [#] student

٣. هەڵە لە سەرەو ڕیزبونی کەرەستە زمانییەکان: ئەمیش زیاتر بریتییە لە هەڵەدانانی پێکهاتەکانی دروستەی ڕستەیەك لە زمانی دوهەمدا بە کاریگەری ڕەنگدانەوەی سەرەو ڕیزبونی درکپێکراوی زمانی یەکەم لای فێرخواز. بۆ کۆنکرێتکردنی چەمکەکە با لە نمونەی (٤٩) وردبببینەوە:

٤٩.

ا– مامم [**پیاوێکی باشە**]. √ [١ ٢

B.* My uncle is [***a man good***] * [1 2

ڕیزکردنی کەرەستەکانی زمانی دوهەم بەیاساکانی سەرەوڕیزبونی زمانی یەکەم هەڵە دێنێتە ئەنجام.

هەر لە سەر بنەمای ئەم درکپێکردنەشە، کە خوێندکارانی ڕاپرسییە رووماڵییەکەی توێژینەوەکە لە وەرگێڕانی نموونەی (٥٠)دا، سەرەو ڕیزبونە جیاوازەکانی نموونەی (٥١)ی زمانی دوهەمیان داڕشتۆتەوە و بەرهەمهێناوە:

٥٠.

ا– باوکم شوفێرێکی هێواشە.

ب– دوێنێ شەو چوین بۆ سینەما.

پ–سبەی ڕۆژ دەبیتە مامۆستا.

51.

a.? My father [drives + slowly] or ? My father [ slow + driver]
b.? [Last night] + [we went to the cinema] or
[We went to the cinema] + [last night]
c.? [Tomorrow] + [he became a teacher] or
[He became a teacher] + [tomorrow]

٤. لەبریدانان: بریتییە لە دانانی کەرەستەیەك لە بری کەرەستەیەکی تر بە کاریگەری درکپێکردنی زمانی یەکەم، وەك لە نمونەکەدا دیارە:

٥٢.

ا– (من) [ڕێ]یەکەم لێ ونبووە. B.* I lost my [***road***]

هەڵەکە بە هۆی درکپێکردنی فێرخواز بە وشەی (road) لە بری وشەی (way)ەوە بووە، کە ئەمەش بۆ وێکچونی

لەگەڵ وشەی (ڕێ)ی زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە.

درکپێکردنی خوێندکارانی ڕاپرسیی لێکۆڵینەوەکە جارێکی تر بۆتە هۆی جێبەجێکردنی یاسای لەبریدانان بە شێوەییەکی بەرفراوان. هەربۆیە لە وەرگێڕانی ڕستەی (٥٢)دا ڕستەکانی نموونەی (٥٣)یان لە زمانی دوهەمیاندا بەرهەمهێناوە:

53. a.? I lost the [right path]
b.? I lost the [way road]
c.* I loss the [rout]

– ئاستەکانی هەڵە: ئەو هەڵە زمانییانەی فێرخواز لە کاتی بەرهەمهێنانی زمان دوهەمیدا دەیکات بە هۆی گواستنەوە و سەر لەنوێ داڕشتنەوەی درکپێکردنە پەیپێبراوەکانی زمانی یەکەمییەوە دەبێت. لەمبارەیەوە دەتوانرێت بگوترێت هەڵەکان زیاتر لە سەر ئاستی زمانیی (فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی و فەرهەنگی) ڕوودەدەن. بۆ نموونە دەکرێت ئەو نموونانەی لە چەشنەکانی هەڵەدا خرایە ڕوو بەمشێوەیە ئاستەکانیان دیاری بکەین:

+ نموونەی (٤٢) و (٤٦)

ئاستی هەڵە: ڕێزمانی.

چەشنی هەڵە: زیادکردن و لابردن.

+ نموونەی (٤٩)

ئاستی هەڵە: ڕێزمانی.

چەشنی هەڵە: سەرەو ڕیزبونی کەرەستە.

+ نموونەی (٥٢)

ئاستی هەڵە: ڕێزمانی.

چەشنی هەڵە: فەرهەنگی.

بەڵام بۆ نموونەی ئاستی فۆنۆلۆژی دەکرێت زۆرێك لە وشە تەکەنەلۆژییایەکان بهێنرێتەوە، وەك لە وشەکانی (ئەنتەرنێت) و (فۆتۆکۆپیەر)، کە بە کاریگەری چۆنیەتی دەربڕینیان لە زمانی یەکەمدا فێرخواز لە زمانی دوهەمدا لە بری ئەوەی بە دروستی دەریانبڕێت، بە هەڵە دەریاندەبڕێت، وەك لە وشەکانی (Anertnet) و (Photocopear) دا دەردەکەوێت، کە فێرخواز ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری زمانی یەکەمی بەرهەمیهێناون. بۆیە ئاست و چەشنەکانیان بریتییە لە:

ئاستی هەڵە: فۆنۆلۆژی.

چەشنی هەڵە: لەبریدانان.

لە ڕاستیدا لە خۆیدا ئاستەکانی هەڵە بۆ خۆی دیاریکەر و شیکەرەوەی سەرچاوەکانی هەڵەشن، کە فێرخواز بە کاریگەری درکپێکردنی زمانی یەکەمی ئەنجامیاندەدات لە زمانی دوهەمدا، بۆ نموونە هەر لە سەر بنەمای ئاستەکانی هەڵە، دەتوانرێت سەرچاوەکانی هەڵەش دیاری بکرێت، بەمشێوەیە:

١. فۆنۆلۆژی: زۆرجار بە کاریگەری یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی یەکەم دروستەی فۆنۆلۆژی زمانی دوهەم هەڵەی تێدا دەکرێت، هەروەك لە نموونەی (Anternet)دا دەرکەوت، کە تێیدا فۆنێمی (I) وشەی (Internet) گۆڕدراوە بۆ (A). بەمەش وشەیەکی دروستە فۆنۆلۆژی هەڵەی وەك سەرەوە دێتە بەرهەم.

ڕاپرسییە ڕووماڵیی لێکۆڵینەوەکەش جەخت لە سەر هەمان ڕاستی دەکاتەوە، چونکە خوێندکاران بە کاریگەری یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی یەکەمیان دروستەیەکی فۆنۆلۆژی هەڵە بۆ وشە بەرهەمهاتووەکە لە زمانی دوهەمیان نەخشە دەکێشن، هەروەك لە دەربڕاوەکاندا دیارە:

[a]nternet [E]ntern[i]t [e]nternet

٢. ڕێزمان: لێرەدا فێرخواز بە هۆی شارەزایی لە ڕێسا ڕێزمانییەکان زمانی یەکەمیدا ڕاستەوخۆ ئەم ڕێسایانە بە سەر زمانی دوهەمیدا دەچەسپێنێت، وەك لە ڕستەی (٥٤)دا دەخرێتەڕوو:

٥٤.

ا– پیاوەکان هاتن. B.* man[s] came[s]

دەبینین، کە فێرخواز بە هۆی شارەزایی لە ڕێسای کۆیی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا و شارەزابونی لە پێڕەوی ئەرگەتیڤیدا (واتە ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردار)، ڕاستەوخۆ دێت ئەو درکپێکردنە بە سەر دروستەی ڕێزمانی ڕستەی زمانی دوهەم جێبەجێدەکات و ڕستەی ناڕێزمانی وەك (b٥٤) ئەنجامەکەی دەبێت.

جارێکی تر ئەمڕاستییە لە درکپێکردنی نموونە وەرگیراوەکانی ڕاپرسییە ڕووماڵییەکەدا پەی پێدەبرێت، هەربۆیە نموونەی (١٥٤) لە ڕستە هەڵەکانی نموونەی (٥٥)دا دادەڕێژنەوە:

55.
a.* the [man are] come
b.* [all man] come
c.* the [mans] come here
d.*[all the men] come

٣. شێواز دەربڕین: ئەمیش بریتییە لە کاریگەری شێوازی دەربڕین و ڕەنگدانەوەی کلتوری ئەو کۆمەڵگایەی زمانی یەکەم لە شێوازەکەدا لە سەر شێوازی دەربڕینی زمانی دوهەم، هەروەك لە ڕستەی (٥٦)دا بەرجەستە دەکرێت:

٥٦.

ا– ئازادە [ **ئەفەنی**] دەنێرم. B. I send Azad [ ***afandy***]

ئەم ڕەنگدانەوەیە ڕاستەوخۆ لە ڕاپرسییە ڕووماڵییەکەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕەنگیداوەتەوە و جەختی لە سەر دەکرێتەوە، هەربۆیە خوێندکاران بۆ خۆدەربازکردن لە وشە کلتوریی و شێوازییەکانی زمانی یەکەمیان لەوەرگێڕانیان بۆ زمانی دوهەم، یان ئەوەتا وشە کلتورییەکەیان لابردووە یان ئەوەتا هەمان وشەیان بە ئەلفوبێی لاتینی نوسیوەتەوە. هەربۆیە ڕستەکانی نموونەی (٥٧)یان لە ڕستەکانی نموونەی (٥٨)دا داڕشتۆتەوە:

٥٧.

ا–باوکم ماشێنێکی نوێی کڕی.

ب–حەمە ئەفەندی لە کوێیە؟

58.
a. My father bought [a new Machine].
b. Where is [Hama]. Or where is Hama [Afandi]? Or where he is?

٤. زیادەڕەویی لە بەکارهێنانی یاساکان: هەر کاتێك فێرخواز فێری یاسایەکی ڕێزمانی زمانی دوهەم بوو، ئیتر وا دەزانێت ئەم یاسایە گشتگیرە و دەیەوێت بە سەر سەرجەم تەرزەکانی زمانی دوهەمدا بیچەسپێنێت و بەمەش هەڵەی زمانی دێتە بەرهەم، بۆ نموونە کاتێك فێری یاسای کۆکردنەوە دەبێت بە هۆی زیادکردنی پاشگری (/s-/)ەوە بۆ کۆتایی وشەکان، ئەوا هەمیشە هەوڵدەدات ئەم یاسایە بە سەر ئەو وشانەشدا بچەسپێنێت، کە لە کۆکردنەوەدا فۆڕمی وشەکانیان دەگۆڕێن و توشی شکاندنەوەی فۆڕمیی دەن و هەرگیز بە هۆی زیادکردنی ئەم پاشگرەوە کۆناکرێتەوە، هەربۆیە وشەی بە هەڵە کۆکراوەی وەك (mans) بەرهەمدەهێنێت.

٥. خۆدزینەوە: ئەم سەرچاوەیەش ئەو کاتە سەرهەڵدەدات، کاتێك فێرخواز هەڵەیەك دەکات و بەرانبەرەکەی بۆی ڕاست دەکاتەوە، ئەمیش بۆ دوبارەنەکردنەوەی هەڵەکە هەوڵدەدات ئەو هەڵەیە هەر نەڵێتەوە و خۆی دەرباز بکات لەو هەڵەیە. ئەمجۆرە لەسەرچاوەی هەڵە زیاتر لە چەشنی لەبریدانان و فەرهەنگیدا بەرچاو دەکەوێت، هەروەك لە نموونەی (٥٢ و ٥٣)دا سەلمێنرا.

٦. کۆدگۆڕینەوە: ئەگەر هاتو فێرخواز نەیتوانی بە هیچ شێوەیەك یان بەڕادەیەکی زۆر کەم فێری زمانی دوهەم بێت، ئەوا لەم کاتەدا بە زمانێکی تێکشکاو قسە دەکات، کە لەڕووی ڕێزمانەوە هەر ڕێزمانی زمانی یەکەمی خۆیەتی، بەڵام دەشێت هەندێك وشەی فەرهەنگی و کەرەستەی ڕێزمانی زمانی دوهەمی تێهەڵکێش بکات و بیانگۆڕێتەوە بە کۆدە کوردییەکان، بۆ تێگەیشتنی

زیاتر با لە نموونەکان وردببینەوە:

٤٤.

ا– Very swpas

ب– وەڵلاّ کلینەرە.

پ– کلۆزی کە.

ت– های و سەلام و عەلیکوم.

بەمشێوەیە شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیان سەلماند، کە گۆشەنیگای درکپێکراوی مرۆڤ لە زمانی یەکەمیدا و دواتریش لە زار و شیوەزاری یەکەمیدا لە ناو زمانەکەیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر چۆنیەتی و چییەتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن لە زمانی دوەهەمدا. بەمەش چەندین چەشن هەڵەی زمانی دێنێتەکایەوە، چونکە زمانی یەکەم و دوەهەم چەندە هاوگرووپیش بن، هێشتا لە وردەکارییەکاندا جیاوازن (هەروەك لە حاڵەتی دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی ئەم لێکۆڵینەوەیدا بینیمان) و دەبێت لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوەهەمدا ئەم جیاوازییانە لەبەرچاو بگیرێت. بێگومان ئەگەر ئەمە بۆ دوو زمانی ستاندارد ڕاست بێت، ئەوا بۆ زمانێکی دایك، کە هێشتا نەبوبێتە زمانی ستاندارد و چەندین دیالێکت و ئەکسێنتی هەبێت گەلێك دروسترە، چونکە فێرخوازەکە بە درکپێکردنی گۆشەنیگای جیاوازی شێوازی ئاخاوتنە جیاوازەکانی ناو زمانەکەی خۆیەوە (زمانی یەکەم) دەچێتە ناو پرۆسەی فێربونی زمانی دوەهەمەوە. ئەمەش هێندەی تر هەڵە زمانییەکان لە پرۆسەی ئاخاوتنی فێرخوازانی زمانی دوەهەم زیاد دەکات. بەمەش پرۆسەی فێربونی زمانی دوەهەم ئاڵۆزتر دەبێت و هەنگاوەکانی فێربونەکەش خاوتر و دور و درێژتر دەبێت. بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی دانانی پێرەو و پرۆگرامی فێربونی زمانی دوەهەم لە کۆمەڵگاکەماندا ڕەچاوی ئەم لایەنەی زمانەکەمان بین، تا فێرخوازەکانمان خێراتر و باشتر فێری زمانی دوەهەم ببن. چونکە ئەگەر هەنوکەش نەتوانین چەمکی زمانی ستاندارد بۆ زمانەکەمان بەچەسپێنین، ئەوا دەتوانین لە دانانی پێرەو و پرۆگرامی فێربونی زمانی دوەهەمدا لە ناو کۆمەڵگاکەماندا پەروەردەیەکی ستاندارد بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دابین بکەین و بیکەینە بنەمایەکی هەم باشترکردنی چییەتی فێربونیان و هەم بنەمایەکی بەرەو پیشترچونی هێنانەدی زمانی ستانداردی کوردی بۆ نەتەوەکەمان، تەنها و تەنها بەمشێوەیە دەتوانرێت شیانی فێربونی زمانی دوەهەم بۆ فێرخوازەکان برەخسێنرێت.

## ئەنجام

١. مرۆڤ لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوەهەمدا بەردەوام بە درکپێکردنی زمانی یەکەمییەوە دەچێتە پرۆسەی فێربونی زمانی دوەهەمییەوە.

٢. ئەو فێرخوازانەی زمانی یەکەمیان زمانێکی ستانداردە شیانی فیربونی زمانی دوەهەمیان باشتر و خێراترە، چونکە ئەگەر زمانی یەکەمی زمانێکی ستاندارد بێت، ئەوکاتە فێرخوازەکە کەمتر هەڵەی زمانیی دەکات، ئەگەر هەڵەشی کرد تەنها لە درکپێکردنی زمانە ستانداردەکەوە دەبێت، پێچەوانەی ئەم بۆچونەش هەر دروستە.

٣. فێربونی زمانی دوەهەم زیاتر پرۆسەیەکی درکپێکردنی بە ئاگاییانەیە و بە هۆی پێشەکەوتنی پلە بە پلەی هەڵە زمانییەکانەوە فێرخوازەکە فێری زمانی دوەهەم دەبێت.

٤. پێویستە فێرخواز هەم بە شێوەی فێربونی فەرمی (واتە خوێندن لە ناو پۆل) و هەم فێربونی سروشتی لە ڕێگەی کۆپەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکردنی کۆمەڵایەتییەوە پێرەو پرۆگرامی فێربونی زمانی دوەهەمی بخرێتە بەردەست.

٥. پرۆسەکانی فێربونی زمانی دوەهەم (گواستنەوە، دارشتنەوە و ئەبستراکتکردن، ئاسانکردن، لاسایکردنەوە) دەبێت بکرێنە بنەمای دانانی پێرەوی فێربونی زمانی دوەهەم.

٦. نموونە شیکراوەکانی هەڵە زمانییەکانی ڕاپرسییە رووماڵییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاستەوخۆ جەخت لە سەر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەکەنەوە و وەك تاقیکردنەوەیەکی دوای تاقیکردنەوە ئەنجامەکان پاساودان دەکات.

## پەراوێزەکان

[1] Thomas, J. (2010:5)

[٢] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٦–٧).

[٣] بێگومان ئەم لێکۆڵینەوەیە هێندە مەبەستیەتی بۆچوونێکی نوێ بە ڕەهەندێکی نوێوە بە چەمکەکانی (زمانی ستاندارد) و (پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان) ببەخشێت و ئەم بۆچونە نوێیەش کارەکییانە لە (شیانی فێربونی زمانی دوهەم)دا جێبەجێ بکات، ئەوەندە مەبەستی نییە بچێتە ناو چەند و چونەکانی (زمانی ستاندارد)ەوە، کە لەمبارەیەوە چەندین لێکۆڵینەوە و هەوڵ و پێشنیازی شێلگیرانە خراونەتەڕوو و داتا و شیکردنەوەی گونجاویان بۆ بوچونەکانیان هێناوەتەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیەتی لە سەر بنەمای تیۆری درکپێکردنی فێرکردن لە ناو (زانستی زمانی درکپێکردن)دا پەی بە درکپێکردنی ڕەهەندی پەروەردەیی زمانی ستاندارد ببات و بیخاتە خزمەتی شیکردنەوەی پرۆسە و تیۆری و لایەنی کارەکی شیانی فێربونی زمانی دوهەمەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر زمانی ستانداردی کوردی و چەندو چونەکانی کراون، دەکرێن سود وەربگیرێت لە:

١. عەلی محمود جوکل، زمانی کوردی و دروستبونی دەوڵەت یان کیانی سیاسی (٢٠٠٥)ز.
٢. محەمەدی مەحویی، زمانی باڵا: (ئەگەر و بنەماکانی)، (٢٠٠٥)ز.
٣. حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، (٢٠٠٥)ز.
٤. قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، (٢٠٠٧)ز.
٥. کوردستان موکریانی، سەردەمانی زمانی کوردی، (٢٠٠٨)ز.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر (کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا)، بڕوانە لە:

کاروان عومەر قادر (٢٠١٣: ٧٩–٩٥).

[٥] بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە سەر ڕاهاتنی مرۆڤی لە سەر دوو دروستەیی و فەرهەنگی ئاوەزیی دوو زار و دواتر سود وەرگرتن لەم پێکهاتەیە لە فێربونی زمانی دوهەمدا، بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠١٣: ٨٠–٩٠).

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بۆچونە هەرە بەراییەکانی ئەم بوارە، بڕوانە لە بۆچونەکانی زانایان (Quintilian) و (Augustine) و پاشان بەراودی بکە بە مێژوی لێکۆڵینەوە لە فێربونی زمانی دوهەم هەر لە بۆچونی (سایکۆلۆژیای ڕەفتارییەوە) تا دەگاتە بۆچونە هەرە نوێییەکانی ئەم بوارە، کە لە ئێستادا وەك وەچەکێڵگەیەکی زانستی سەربەخۆ خۆیان نیشاندەدەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Littlewood, W. (2004:501-522)

[7] Cook, G. (2003: 20-34)

[٨] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو جیاوازییانەی لە نێوان دوو زاراوەکەدا کراوە لە سەر بنەمای ئەرکە پەیوەندیکردنەکەیان لە ناو کۆمەڵگا یان دەرەوەی کۆمەڵگای فێرخوازدا لە ناو زانستی زمانی کارەکیدا، بڕوانە:

Grabe, W. , Swain, M., and Tucker, R.(2002)

[٩] بۆ زانیاری زیاتر لە جیاوازیکردن لە نێوان ئەم ئاڕاستانەی فێربونی زمانی دوهەم لە نێوان فێربونی ناو پۆل و فێربونی سروشتیانەی دەرەوەی پۆل و هەمانکاتیی هەردو پرۆسەکە پێکەوە، بڕوانە:

Clark, E., V. (2009: 150-234). Spolsky, B, and Hult, M., F. (2008: 129-209).

[١٠] لە بارەی کاریگەری خوێندن لە ناو پۆلدا لە سەر پرۆسەی فێرکردن و خێراکردنی پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەم گەلێك لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر کراوە، کە هەم خوێندنی ناو پۆلیان بڕیوە و هەم بە شێوەی کارەکیش لە ناو پرسەی پەیوەندیکردندا خوێندنەکەیان جێبەجێ کردووە و پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمیان باشتر و خێراتر بووە لە چاو ئەو کۆچبەرانەی تەنها لە ڕێگەی ئەزموون و شارەزایی ژیانی ڕۆژانەوە فێری زمانی دوهەم بون. لە دیارترین ئەو کارانەش، کاری زانایان Pienemnn1989 و Dought and William 1988;1998 و Spada 1997 .

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Littlewood, W. (2004:501-522) Simpson, J. (2011: 153-280).

[١١] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمکی (توانستی پەیوەندیکردن"Communication Competence") چ لە پرۆسەی فێربوندا بە گشتی و چ لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا، بڕوانە:

کاروان عومەر و شاخەوان جەلال (٢٠١٢). Ellis, R. (2003)

١٢ شیکردنەوەی سەر لە بەری هەرچوار پرۆسەکەی فێربون چنراوی سەرەکی وەچەپاری سێیەمی تەوەرەی دوهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت.

13 Littlewood, W. (2004:514-519)

١٤ بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بۆچونانەی فێربونی درکپێکردن لە سەر زمانی دوهەم و وابەستەکردنی بە ئامێری زمانپژاندن، بڕوانە:
Robinson, P. and Ellis , C., N. (2008: 237-270)

١٥ بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کاری زانا Krashen، بڕوانە: Krashen, D., S. (1981)

١٦ ڕەهەندەکانی ئەم بۆچونە چۆمسکییانە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوهەمدا دەبینرێتەوە لە:

White, L. (2003:18-79)

17 Littlewood, W. (2004:517)

١٨ ڕوانینە کۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فێربون بە گشتی و فێربونی زمانی دوهەم بە تایبەتی دەبینرێتەوە لە:

Ginsborg, J. (2006:9-28).

١٩ بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم قۆناغە لە فێربونی زمانی دوهەمدا، بڕوانە: Littlewood, W. (2004:518)

٢٠ سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (٥١٩).

٢١ سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (٥٢٠).

٢٢ لە ڕاستیدا بیروبۆچونەکان لە بارەی ئەوەی ئایا ئەم چوار پرۆسەیەی فێربونی زمانی دوهەم (گواستنەوە و داڕشتنەوە و ئەبستراکتکردن و ئاسانکردن و لاسایکردنەوە) فێرخواز بە ئاگاییەوە یان بە نیمچە بە ئاگاییەوە یان بە بێ ئاگایی جێبەجێیان دەکات، خۆی لە خۆیدا جێگەی مشتومڕێکی زۆر، بەڵام زۆرێك لە بۆچونەکان بۆ ئەوە دەچن، کە ئەم پرۆسانە بە ئاگایی و درکپێکردنەوە جێبەجێدەکرێن. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:

Kecskes, I. and Albertazzi, L. (2007: 5-28).

23 Littlewood, W. (2004:٥٠٥)

٢٤ لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە لە زۆرێك لە ڕێبازە فێرکارییەکاندا (چ زانستە پەتییەکان چ زانستە مرۆڤایەتییەکان) بەکاردێت و بە زاراوەی جیاوازی وەك (داڕشتنی–یاسا)، (شێوەکانی درکپێکردن)، (بونیادی وێنەگەرایی)، (تیۆری دامەزراندنی تۆڕە دەمارییەکان) ئاماژەی پێدەدرێت و لە هەموشیاندا هەر مەبەست توانستی فێرخوازە بۆ تێگەیشتنی زانیارییە بەخشراوەکان و توانای سەر لەنوێ داڕشتننەوەیان و کۆکردنەوەیان لە چێوەی یاسایەکی گشتگیری ئەبستراکتدا، کە بتوانرێت سانایانە کاری پێ بکرێت و ببێتە بەشێکی گرنگی کۆزانیاری و ئەزمونی فێرخواز لە پرۆسەی فێربونەکەیدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a. Littlewood, W. (2004:507)
b. Stillings, A., N. ; Weisler, E., S. ; Chase, H.; Feinstein, H.,M.; Garfield, L.,J. and Rissland, L., E. (1998: 38-80)

25Simpson, J. (2011: 173-182)

٢٦ بۆ زانیاری لە سەر ئەم وردەکارییەی سیستەمی زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی و جیاوازی و لێکچوونیان لە سیسەتمی کرداردا، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەی تاقیکراوەوەی خوارەوە لەگەڵ ڕامان لە نموونە شیکراوەکانی ناو سەرچاوەکان:

أ) کاروان عومەر قادر (٢٠١٣: ٨٥–٩١)
ب) Greenbaum, S. and Nillson, G. (2002: 54-70)

27 Jones, Richard H. (2000)

٢٨ ئاخاوتنی تەلەگرافی بریتیە لەو قسەیەی لە (قۆناغی دوو وشەیدا "Two word stage") لە زمانی قسەکردنی منداڵدا لە پرۆسەی زمانپژاندنی زمانی یەکەمیدا بەرهەمدێت، کە زمانێکی کورت و پوختە. لەم قۆناغەدا منداڵ ئاخاوتنەکانی زۆر بە سادەیی و بە بێ بەکارهێنانی لکێنەرە ڕێزمانی و لۆژیکییەکان دەردەبڕیت و دەیەوێت بە وشەیەك یان دوو وشە واتای ئاڵۆزی ڕستەیەکی ناسادە دەربڕێت. ئەم قۆناغەش لە زمانی منداڵدا لە نێوان (١٨–٣٦) مانگیدایە. بۆ نمونە دەربڕینی دەربڕاوێکی وەك:

١) ( حەم، حەزە ! )

ئەم دەربڕاوە دوو وشەییە لە زمانی ئاخاوتنی گەورەکاندا بە واتای ڕستەیەکی نادەی وەك:

٢) (من فلاَن خواردن دەخۆم، چونکە حەزم لێیەتی.) دێت.

[٢٩] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیروبۆچونەکانی قوتابخانەی زمانەوانی ڕەفتاری لە سەر کرۆکیی چەمکی لاسایکردنەوە و ڕەتکردنەوەی لە لایەنە ڕەوتە نوێیە زمانەوانییە نوێیەکانی دوای خۆیەوە، بڕوانە:

کاروان عومەر و شاخەوان جەلال (٢٠١٢) و ئەو سەرچاوانەی لەو لیکۆڵینەوەیەدا پێشگەشکراون.

[٣٠] ئاخاوتنی فەرمی " Formulaic Speech": ئەمجۆرە لە ئاخاوتن ئاماژە دەدات بە پرۆسەی بە کردارکردنی وشە جیاوازەکانی زمانی دوهەم، کە بە بێ درکپێکردنێکی بە ئاگایانە بەرهەمدێن. ئەمجۆرە لە ئاخاوتن هەمیشە لە سەرەتا و ناوەڕاستی ئاخاوتنەکاندا بەکاردێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

http://www.e-booksdirectory.com/

[٣١] بۆ زانیاری زیاتر لە پرۆسەی نەرێکردن لە زمانی کوردیدا و شارەزابوون لە بۆچونە جیاوازەکان لەم بوارەدا، بڕوانە:

کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٢٤٩– ٢٥٥ ).

[٣٢] زانا (پیت کۆدەر) زمانەوانێکی کارەکی بەریتانی بوو و بە داهێنەری ڕێبازی (شیکردنەوەی هەڵە) دادەنرێت. لەم تیۆرییەدا (کۆدەر) گرنگییەکی زۆری بەو هەڵانە داوە، کە مرۆڤ لە پرۆسەی (چ زمانپژاندا بێت چ فێربونی زمانی دوهەمدا بێت) تێیدەکەوێت و بە بنەمای گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاوی زمانەکەی دادەنێت. لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییە لە بنەڕەتدا لە تیۆری (شیکردنەوەی بەراوردکارییانە "Contrastive Analysis") و (گریمانەی شیکردنەوەی بەراوردکارییانە " Contrastive Analysis Hypothesis")ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەکارهاتوون بۆ بەراوردکردنی سیستەمی زمانیی دوو زمانی دیاریکراو، بە مەبەستی دیاریکردنی لێکچون و جیاوازییەکانی نێوانیان. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم ڕەوتەی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی کارەکیدا و چۆنیەتی گەشەکردنی و گەیشتنی بەم ئاستەی ئێستای، بڕوانە:

a. Rustipa, K. (2011).
b. Byung-gon, Y. (1992).
c. Lennon, P. (2008).
d. Sipra, A., M. (2007).
e. Berman, M., P. (2005).

[33] Lennon, P. (2008: 5).

[٣٤] قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی) بەشدارییەکی بێ وچانی شێلگیرانەی لە شیکردنەوی پرۆسەکانی زمانپژاندن و زمانفێربوندا کردووە و بەردەوام جەختیان لە ناوەکیی بونی ئەم پرۆسەیەش کردۆتەوە لە ئاوەزی ناوەکی مرۆڤدا و سەرەتای ئەم بۆچونانەشیان لە دەربڕینی چەمکی (ڕێبازی هۆکار لەخۆدا هەڵگر"In bit syllabus")دا داڕشتوە، بەوەی، کە هەروەك چۆن منداڵ لە وەرگرتنی زمانی دایکیدا گەشەکردنی زمانەکەی لە شێوەی تەرزێکی جێگیری گەشەکردوی بەردەوامدایە، بەهەمانشێوەش فێربونی زمانی دوهەم پەیڕەوی ئەم ڕیزبەندییەی تێدا دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Kibbee, A., D. (2010)

[٣٥] گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان (هەڵە و بەهەڵەداچون) بریتیە لەوەی، کە هەڵەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیکانە ئەنجامدەردێت و بە هۆی کەموکورتی کۆزانیاریی فێرخوازەوە دەبێت لە زمانی دوهەمدا، لەکاتێکدا بەهەڵەداچون زیاتر لادانی بەئەنقەستن. هۆکاری بە ئەنقەستیشی دەگەڕێتەوە بۆ بونی (هەڵخلیسکانی زمانی، لەبەرکردن، هیلاکی قسەکەر و نەبونی وردێتی لە کاتی ئاخاوتندا). هەر لە بەر ئەم هۆکارانەشە، کە هەڵەکان ژمارەیان زۆر زیاترە لە چاو بەهەڵەداچونەکان. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: Lennon, P. (2008: 7).

[36] Abdi, N. (2001).

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


١. ئەبوبەکر عمر قادر (١٩٩٣)، ڕستەی پرسیار، نامەی ماستەر، بلاۆنەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

٢. حوسێن محمد عەزیز (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، سوید.

٣. علی محمود جوکل (٢٠٠٥)، زمانی کوردی و دروستبونی دەوڵەت یان کیانی سیاسی، کۆنفرانسی زانستی زمان، هەولێر

٤. قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای موکریان، هەولێر.

٥. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردرلۆجی، سلێمانی.

٦. کاروان عومەر قادر (٢٠١٣)، کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٤٣)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧. کاروان عومەر قادر و شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٢)، فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا، کۆنفرانسی زانستی زمان، هەولێر.

٨. کاروان عومەر قادر(٢٠١٠)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٩. کوردستان موکریانی (٢٠٠٨)، سەردەمانی زمانی کوردی، هەولێر.

١٠. محەمەدی مەحویی (٢٠٠٥)، زمانی بالاّ (ئەگەر و بنەماکانی)، کۆنفرانسی زانستی زمان، هەولێر


**دوهەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


1. Abdi, N., (2001), Contrastive Analysis and Error Analysis, Language Department.
2. Berman, M., P. (2005), Effect of Social Interaction on L2 Writing, Division of
3. Byung-gon, Y. (1992), A Review of the Contrastive Analysis Hypothesis.
4. Clark, E., V. (2009), First Language Acquisition, 2edition, Cambridge University press.
5. Cook, G. (2003), Applied Linguistics, Oxford University Press.
6. Ellis, R. (2003), Second Language Acquisition, Oxford University Press.
7. Ginsborg, J. (2006), Language and Social Disadvantage, LTD Publisher.
8. _Grabe, W., Swain, M., and Tucker, R. (2002), the Handbook of Applied Linguistics, Oxford University Press.
9. Greenbaum, S. and Nillson, G. (2002), an Introduction to English Grammar, 2edition, Longman Publisher.
10. Jones, Richard H. (2000) Reductionism: Analysis and the Fullness of Reality, Bucknell University Press.
11. Kecskes, I. and Albertazzi, L. (2007), Cognitive Aspect of Bilingualism, Published by Springer.
12. Kibbee, A., D. (2010), Chomskyan (R) evolutions, John Benjamins Publishing Company.
13. Krashen, D., S. (1981), Second Language Acquisition and Second Language Learning, University of Southern California.
14. Lennon, P. (2008), Contrastive Analysis, Error Analysis, Interlanguage, Aisthesis.
15. Littlewood, W., Davies, A., and Elder, C. (2004), Second Language Learning( The Handbook of Applied Linguistics), Blackwell publisher.
16. Robinson, P. and C., N., (2008), Handbook of Cognitive Linguistics and Second Language Acquisition, Routledge publisher.
17. Rustipa, K. (2011), Contrastive Analysis, Error Analysis, Interlanguage and the Implication to Language Teaching, Stikubank University (Unisbank) Semarang.

18. Simpson, J. (2011), The Routledge Handbook of Applied Linguistics, Routledge publisher.
19. Simpson, J. (2011), The Routledge Handbook of Applied Linguistics, Routledge publisher.
20. Sipra, A., M. (2007), Bilingualism as a teaching in a Language class, National University presses.
21. Spolky,B. and Hult, M.,F. (2008), The Handbook of Educational Linguistics, Blackwell Publisher.
22. Stillings, A., N.; Weisler, E., S.; Chase, H.; Feinstein, H., M.; Garfield, L., J. and Rissland, L., E. (1998), Cognitive Science (An ntroduction), 2edition, Massachusetts Institute of Technology.
23. Thomas, J. (2010), Language Standardization and Prescription in French, Spanish, and English, General University Honors.
24. White, L. (2003), Second Language Acquisition and Universal Grammar, Cambridge University press.


## خلاصة


تحليل بٌعد التربوي في العملية المعيارية لِلغة أساسٌ لتثبيت اللغة المعيارية، لأنهُ يُقدِم أحتمالية قبول للغة. كما إن أنشاء نظام لتعلُم اللغة الثانية على أساس أن اللغة المعيارية يُسرع عملية التعلُم عند الطالب، وهذا النتيجةً للعملية تحويل إدراك اللغة الأُم فقط الى عملية تعلُمهِ للغة الثانية. التحول إدراك اللغة الأُم يُقلِل الأخطاء اللغوية عِندَ المُتَعلِم و يُسرِع العملية تَعلُم خطوة بخطوة. كَما أن التحليل الأخطاء اللغوية عِندَ الطالب على أساس المنهج (تحليل الأخطاء) يكون بالمرونة كافية للفهم العملية التَعلُم. على هذا أساس يُقرَب اللغة مِن اللغة المعيارية وَ مِن الجهة الثانية يوَسع الآفاق الآحتمالية و قابلية التَعلُم اللغة الثانية.


## Abstract


The analysis of the didactic dimension in the standardization process is a principle to provide the standard language, because these analyses make the probability to standard the language. So in this process the student transfer only his cognition in his first language to the process of second language learning. According to this perspective the errors in his second language decreases and make his step by step learning process faster and easier. In spite of this the error analysis methodology represents all his error and mistake in his learning process. So these provide the goal of standardization process, and on the other hand make the eventuality to learn second language easier and faster.